# سیۆوە و دڵدار

## لە چەند دیدارێکدا




پ.ی.د. هیوا حەمید

پ.ی.د. هاوژین سڵیوە

م. سەنگەر نازم

م. ئارەزوو ئیسماعیل

پێشڕەوی سەید برایمی

و

زامدار ئەحمەد


سیۆوە و دڵدار

زامدار ئەحمەد

# Sêwe û dilldar
## Le çend dîdarêkda

Zamdar Ehmed

لەسەر ئەرکی پێشڕەوی سەید برایمی و ڕێکخراوی ماڵی فۆتۆگراف و بەڵگەنامە چاپ کراوە



# سێوە و دڵدار

## لە چەند دیدارێکدا


پ.ی.د. هاوژین سڵیوە
م. ئارەزوو ئیسماعیل

پ.ی.د. هیوا حەمید
م. سەنگەر نازم
پێشرەوی سەید برایمی

زامدار ئەحمەد



٢٠٢١

**ناسنامەی کتێب**

کتێب: سیوە و دڵدار (لە چەند دیدارێکدا)

دیدار: زامدار ئەحمەد

دیزاینی بەرگ: ئەنجام ئەنوەر

وێنەکانی بەرگ: قەرەنی جەمیل

چاپی یەکەم: ٢٠٢١

چاپخانەی شەهاب/ هەولێر

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢١٣٩)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

# سێوە و دڵدار

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| لەبری پێشەکی | ٩ |
| سێوەی هونەرمەند | ١١ |
| پوختەی ژیاننامەی سێوە | ١٣ |
| سێوە دەنگێکی باڵا لە مێژووی هونەری کوردیدا | ١٧ |
| دیداری پ.ی.د. هاوژین سلێوە | ٢٩ |
| پوختەی ژیاننامەی پ.ی د. هاوژین سلێوە | ٤٣ |
| دیداری م. ئارەزوو ئیسماعیل | ٤٧ |
| پوختەی ژیاننامەی م. ئارەزوو ئیسماعیل | ٦١ |
| دڵداری شاعیر | ٦٥ |
| پوختەی ژیاننامەی دڵدار | ٦٧ |
| دڵدار شاعیری نوێخوازی کورد | ٧١ |
| دیداری پ.ی.د. هیوا حەمید | ٧٩ |
| پوختەی ژیاننامەی پ.ی.د. هیوا حەمید | ٩٥ |
| دیداری م. سەنگەر نازم | ٩٧ |
| پوختەی ژیاننامەی م. سەنگەر نازم | ١١٥ |
| دیداری پێشڕەو سەید برایم | ١١٧ |
| پوختەی ژیاننامەی پێشڕەو سەید برایم | ١٣٥ |

سپاس و پێزانینی تایبەتی بۆ
هاوڕێی هێژا و هاوژینی ئازیزم
"بەناز محەممەد"
ئەرکی کێشا و دەگەڵمدا ماندوو بوو

**لەبری پێشەکی**

سێوە و دڵدار، بەرهەمی دوو دیداری تەلەفزیۆنی (زار)ە، لەژێر ناونیشانی بەرنامەی (هەرین) لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٩ تۆمار کراوە و پەخش بووە.
بەرنامەی هەرین لەبارەی سێوە لە مانگی ئاب، بە میوانداری پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر هاوژین سلێوە، مامۆستای زانکۆی و نووسەر و لێکۆڵەر و کەسایەتی دیاری کریستیانەکان، مامۆستا ئارەزوو ئیسماعیل مەنسوور موزیسان و شارەزا لە دەنگ و گۆرانییەکانی سێوە، لە شاری کۆیە تۆمار کرا.
بەرنامەی هەرین لەبارەی دڵدار، لە مانگی ئاب، بە میوانداری پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر هیوا حەمید توێژەر و لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆ، مامۆستا سەنگەر نازم وەرگێڕ و مامۆستای زانکۆ لە شاری کۆیە تۆمار کرا، هەروەها ساڵێك دواتر وتوویژ لەگەڵ پێشڕەو سەید برایم نووسەر و شارەزا لە ژیانی سیاسی دڵدار ڕێکخرا و تۆمار کرا.
بە پێویستمانزانی ئەم دیدارانە بنووسینەوە و بیانهێنینە سەر زمانی نووسین، بۆ ئەوەی وەکو ئەرشیفێکی نووسراو لە شێوەی کتێب بۆ داهاتوو

بمێنێتەوە. لە گۆڕینی زمانی قسەکردن بۆ زمانی نووسین، هەوڵمانداوە هەمان چەمك و وشە و شێوەزاری دەمی بەشداربووانی دیدارەکان وەك خۆی دابنێینەوە. ڕیزبەندی وتووێژەکان لەژێر بنەمای ئەنجامدانی وتووێژەکان دانراوە، ئەو دیمانەی زووتر ئەنجامدراوە ئەمیان لە ڕیزبەندی پێشتر دانراوە.

# سێوەی هونەرمەند

# پوختەی ژیاننامەی سێوە

سلێوە یەڵدا سلێوە، ناسراو بە سێوە، ساڵی ١٨٩١ لەنێو کریستییانەکانی شاری کۆیە هاتۆتە نێو دونیای بوون، ساڵی (١٩٠٣ و ١٩٠٤) زمانی کلدانی و بنچینەکانی ئاینی مەسیحی لای قەشە گۆرگیس خوێندووە. ساڵی (١٩٢٠) لای قەشە حەننا دەستی بە خوێندنی ئاینی کردووە و بە پلەی (شەماس) گەیشتووە!

سێوە، لەنێو هونەری کوردی و گۆرانی بێژان و مەقامزانانی پێشوو، یەکێکە لە دەنگە دیار و بەرچاوەکان، لەکاتی خۆی و لە ئێستاشدا، هەوادار و گوێگرانی لە ژمارە نایەن. گوێگرتن لە مەقامی ئەوەڵ سەحەرە، کۆبیرت بەلای کۆیە و مێژووی پڕشنگداری ئەو شارەدا دەبات و وردتر بەرەو گەڕەکی هەرمۆتەت ڕادەکێشێ و تێکئالآنی مەسیحی و موسوڵمانان دێنێتە بەرچاو.

سێوە، ساڵی ١٩٥٢ پێنج مەقامی لە ئێستگەی ڕادیۆی عێراق-بەشی زمانی کوردی تۆمارکردووە،

بەناوەکانی (سەحەر، بەهار، شەنگ مێرەم، گوریێ، عەیشەگوڵ). هەروەها نزیکەی چواردە مەقامی دیکەی وتووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی تۆمارگاوە، مەقامەکان فەوتاون!

سێوە لە نۆی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٤) لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کریستیانەکانی گەڕەکی هەرمۆتە ئەسپەردەی خاك کرا.

# سێوە دەنگێکی باڵا لە مێژووی هونەری کوردیدا[1]

[1] ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی وشە بڵاوکراوەتەوە.

سـێوە، سـالّی ١٩٥٢ پێـنج مەقـامی لە ئێسـتگەی ڕادیـۆی عێـراق تۆمـارکردووە، مەقـامی ئەوەڵ سـەحەرە، یەکـێکە لە مەقـامە تۆمارکراوەکـانی ئەوکـات. نـۆی کـانوونی یەکەمـی سـالّی ١٩٦٤ لە تەمەنی حەفتا و سێ سالّیدا، کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕسـتانی مەسـیحییەکانی گەڕەکـی هەرمـۆتە بەخاک سپێردراوە. بەکۆچکردنیشی بۆشایی لە نێو هونەری کوردیدا دروست کرد.

هاوژین سلێوە، کتێبێکی لەبارەی (مێژووی هەرمۆتە) نووسیوە و لەمەڕ سێوەی مەقامزان زانیاری وردی باسکردووە، لەمبارەیەوە دەڵێ: "سێوە، مەقامزانێکی دیاری کورد و کوردستانە، لەنێو هونەری کوردیدا هەمیشـە دەنـگە پـڕ لە جـۆش و تـایبەتییەکەی دەزرینگێتەوە و مێژوویەکی پڕشنگداری بۆ هونەری کـوردی تۆمـارکردووە. ئـاوازی مەقامەکـانی سـێوە ڕەنـگ و بـۆی ئاوازەکـانی تەڕاتیلـی کلیسـایان وەرگرتووە، چونکە لە کلیسا خوێندوویەتی، خاوەنی

چەندین مەقامی بەناوبانگ و دیارە، مەقامەکانی باسی دڵداری و سروشتی جوانی کوردستانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی تۆمارگاوە بەشێک لە مەقامەکانی فەوتاون و لەبەردەستدا نەماون. لە مەقام وتنیشدا سوودی لە مەقامەکانی نەشئەتی ڕەشید ئاغای حەوێزی و حەننا تۆماس "حەنیل" بینیوە، ئەڵبەتە پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ گۆرانی بێژەکانی هاوسەردەمی خۆی لەکۆیە پەیداکردووە، بۆ وێنە: عەبەی چایەچی، پووتا، مەڕبێنی قەشە گۆرگیس، مەلا ئەسعەد، ئەحمەدی حەمە مەلا".

دوکتۆر هاوژین سلێوە وتیشی: "سێوە، کەسێکی زیرەک و ڕووانین ڕوون بووە، ماوەی پێنج ساڵ زمانی سریانی و سەرەتایەک لەزمانی فەرەنسی خوێندووە و فێربووە، گەیشتۆتە پلەی شەماس، هاوکات زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی زانیووە و بەدەیان چامە و هۆنراوەی کوردی و فارسی لەبەر بووە و بەمەقام و بەستەش وتوویەتی، بۆ نموونە: شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی، دڵدار، قاسد، ئەختەر، صافی، عەبدوڵڵا بەگی مێباح)".

هـاوژین، پـلـەی زانسـتـی پرۆفیسـۆری یاریـدەدەرە و مامۆستای زانکۆی کۆیەیە، زیاتر دەڵێ: "سێوه ساڵی ١٩٥٢ لـە ئیسـتگەی ڕادیـۆی عێـراق بەشـی زمـانـی کـوردی پێـنج مەقـامـی تۆمـار کـردووە، بەناوەکـانـی (سـەحەر، بەهـار، شـەنگ مێـرەم، ، گـوری، عەیشەگوڵ). لای خۆشیەوە کەریم شارەزای لێکۆڵەر و توێژەر، چواردە مەقامی سێوەی دیاری کردووە، کە ئەمـانەن (سـەحەر، گـورا، لەبەرنـازی چاوبـازان، عایشـە گـور، نیوەشـەو، حەریفـی ئـاگری دووریـم، لەباغان ئاهو ناڵیندا، بەقامەت خەرامان، بەستەی زولف و ئەگریجەی یار، بەهار، پایز، شەنگ مێرەم، گـۆرانـی شـلـەو خانـان، گـۆرانـی جەبـارە و جەبـارە) سێوه بەدەیـان مەقـام و گـۆرانـی و بەستەی چڕیـوە، بەڵام بەهـۆی تۆمـارنەکردنەوە زۆربەی مەقامەکـان فەوتـاون، ئەڵـبەتە لە ئێستـادا گـوێگرانی سێوه لـە زیادبوونـدایە". هەروەهـا لەبـارەی عاشـق بـوونـی سـێوە، بەمشـێوەیە دەدوێ: "سـێوە لەتەمەنـی هەرزەکـاری و پێڕاگەیشـتنی عاشـقی خۆشەویسـتی کچێـک دەبێـت بەنـاوی (وارا)، بەڵام ڕێگەنـادەن بۆیەکدی بن، لەبەرئەوە بەناچاری لەگەڵ خـانمێکی دیکە ژیانی هاوبەشی پێکدەهێنێ".

حسێن حاجی قادر، لە ساڵی ١٩٤٥ سێوەی ناسیوە و ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کردووە، سەرگوزەشتەی لەگەڵ سێوە دەگێڕێتەوە: "ساڵانی ١٩٥٥ و ١٩٥٦ و ١٩٥٧ سەرپەرشتی گازینۆی لاوانم دەکرد لە شاری کۆیە، خاڵە سێوە تەشریفی دەهێنا و داوای دەکرد، گۆرانی خاڵە تایەر بخەمە سەر لێبدەم، کە حەزی لە گۆرانی (لە باخان ئاهونالێن دێ) بوو و لەبەرخۆیەوە دەیگوتەوە. یا ڕۆژی واهەبوو داوای گۆرانی (ایها الراقدون تحت التراب)ی محەممەد عەبدولوەهابی دەکرد، لەکاتی گوێگرتن لەو گۆرانیە فرمێسک لەچاونیدا دەهاتە خوارێ و دەیوت: بۆ (هینەکە)ی خۆم دەگریم، مەبەستی (وارێ)ی خۆشەویستی بوو، کە ڕێگەیان نەدا، ژیانی هاوبەشی پێکبهێنن".

حسێن حاجی قادر، لەبارەی کەسێتی سێوە دەڵێ: "سێوە پیاوێکی دڵتەڕ و نوکتەباز و قسەخۆش بوو، حەزی لە کۆڕی دانیشتنی لاوان دەکرد، نزیکترین برادەری مامۆستا باکووری هونەرمەند و تایەر تۆفیق، حەوێز وەهاب و محەممەد عەبدوڵلای چایەچی بوو، لەبەشی زۆری ئاهەنگی

ســــــەیرانگاکانی کـــــۆیه بەشـــــداری دەکـــــرد و سەرچۆپیکێشی شاییەکان هەر لەخۆی دەوەشایەوە".
لەبارەی دەنگ و ئەکادیمی بوونی سێوەوە، توێژەر و لێکۆڵەر، ئارەزوو ئیسماعیل، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە موزیک، دەڵێ: "لەڕووی ئەکادیمییەوە، هەر کەسێک چوار گۆرانی هەبێ، بە گۆرانی بێژی ڕەسەنی کوردی ئەژماردەکرێ، بەو مەرجەی چوار گۆرانییەکە بایەخ و تایبەتمەندی و پێگەی خۆی هەبێ. سێوەی مەقامبێژیش، لەڕیزی هونەرمەنداندایە و هاوتای "تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەک و مامڵێ و مەزهەری خاڵقی"یە. ئەو تێکستانەی دەریبڕیوە لە هیچ گۆرانی و مەقامی دیکەدا بەرچاو ناکەوێ، تەنانەت نازانرێ تێکستەکان فۆلکلۆرە یا نا؟ وەلێ زۆر ناوازە و پڕ عەشق و ئاوازە، دەنگێکی زۆر تایبەتی پڕ لە سۆز و حوزنی هەیە، ئەو حوزنە لە گۆرانی و مەقامەکانی سەرنجی گوێگرانی ڕاکێشاوە".
لەماوەی ڕابردوودا، ئارەزوو ئیسماعیل، توێژینەوەیەکی بەناونیشانی "سارنجی چڕین لە گۆرانییەکانی سێوەی هونەرمەند" وەشانکرد،

لەبارەی خارە سێوە، وتیشی: "لەدەربڕینی وشەدا بە توانا و لێهاتوو بوو، بەجوانی و ستایلێکی تایبەت بەخۆی وشەکانی بەکارهێناوە، بۆ نموونە: پیتی (ڕ)ی قەڵەو لەدوای (ڵ)ی قەڵەو گۆدەکا، ئەو دەڵێ: دەڵرێن، نەک دەڵێن، ئەو تایبەتمەندییەش لە هەموو هونەرمەندێکدا نییە". هەروەها "سێوە خاوەن مۆرکێکی کۆییانەیە و ئەو مۆرکەی ون نەکردووە، لە کاتێک سەرجەم ژەنیارەکان عەرەب بوون و هیچ شارەزاییەکیان لەبارەی موزیکی کوردییەوە نەبووە. ئەمەش خەسڵەتێکی گرنگە، کە هونەرمەند نەکەوێتە ژێر کاریگەری موزیکژەنان. هەروەها، لە هەڵبژاردنی مەقامەکان زۆر ورد و لێهاتوو بوو، چونکە ئەو مەقامانەی هەڵیبژاردوون و گۆی کردوون، دووبارەکردنەوەیان ئاسان نییە و کەس ناتوانێ جارێکی دی ئەو مەقامانە بڵێتەوە، ئەگەر دووبارەش بکرێتەوە ناگاتە ئەو پلە بالایەی سێوە، ئەمەش لەڕووی ئەکادیمییەوە بە کارێکی گرنگ ناوازە ئەژماردەکرێ".

سەردار ئەحمەد کەسایەتی هونەری کۆیە، کە کاتی خۆی موزیسیانی سێوە بووە، لەمەڕ سێوە دەڵێ:

"بەڕاستی مامە سێوە هونەرمەندێکی زۆر بەرز بوو، دەنگێکی زۆر زۆر تایبەتمەندی هەبوو، وەکو بڵێی خۆرسك بوو، هەرچەندە دەڵێن پێشتر وەستایەکی هەبووە بە ناوی حەنیلە خڕە و لەوێ فێر بووە، بەڵام بۆ خۆی دەنگێکی شازی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی بەرهەمیشی کەم بوو، تەنیا پێنج بەرهەمی لە بەغداد تۆمار کردووە و یەکیان بزر بوو، واتە چوار بەرهەمی ماوە. هەروەها لە دەرەوەی ئەو چوار بەرهەمە هەندێك بەرهەمی دیکەی تایبەتی هەبوو، کە بە شێوەی کۆرس وتراوە و لەو کاتەدا حەمەگەمحان بۆی تۆمار کردووە، لەگەڵ مامۆستا باکوری و خوالێخۆشبوو مەلا ئەسعەد و حەمەدەمین عەباس و وەستا حەمەدەمینی کەبابچی".

سەرداری فلوت، بیرەوەی لەمەڕ سێوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "کاتی خۆی ئێمە لە ساڵی ١٩٥٨ لە تیپی باواجی کۆیە بووین، -ئەو سەردەم بە شێوەیەکی رەسمی تیپ نەبووین، بەڵکو سەر بە کۆمەڵەی بوژانەوەی هونەرە جوانەکان بووین، بەسەرپەرشتی مامۆستا باکوری، کە خودی مامۆستا باکوریش سەرۆکی ئەو کۆمەڵە بوو- لە کۆیەوە بۆ ئاهەنگ

گێــڕان چــووینه ڕانــیه، ســێوەش یەکێــك بــوو لـه بەشداربووان و لەگەڵمان بوو، هەروەها کاك سەلاح محەممەد و خوالێخۆشبوو عەدنان جەمالیش بۆ ئەو ئاهەنگە هاتبوون، بەڵام ئاستی هونەری ئێمە لەو ســــەردەمدا ئەو توانــــایە نەبــــوو، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێ و بە گوێرەی توانای ئەو سەردەمەی خۆمان کارمان لەگەڵ کرد".

باوکی سەردار کۆیی، هاوڕێی سێوە بووە، سێوە بیرەوەرییەکــی لەبیرمــاوی ئەوکــاتە دەگێــڕێتەوە: "ســێوە برادەرایەتــی زۆر تــایبەتی لەگەڵ بــاوکم هەبوو، باوکیشم زۆر حەزی لە دەنگی بوو، زۆرجار بــاوکم بــۆ مــاڵەوە داوەتــی دەکــرد، لە ژوورەوە دادەنیشــتن و گۆرانیــان دەگــوت، منــیش دەچــووم و لەلایــان دادەنیشــتم، وەلــێ ئەو ســەردەمە ئاســتی هــونەری و تەمەنــی مــن بەمشــێوەیە نەبــوو، کە بتوانین گۆرانییەکان تۆمار بکەین، هەرچەندە هیچ ئامێرێکی تایبەتی تۆمارکردنیشمان نەبوو، چونکە ئەو هەژار بوو، ئێمەش هەژار بووین. ئەو کاتە تیپی باواجی کۆیە هەبوایە دەمانتوانی چەندین گۆرانی بۆ تۆمار بکەین.

مامۆستای فلوتی کۆیە، زیاتر لەمەڕ دەنگی سێوە دەدوێ و دەڵێ: دەنگی سێوە بۆ خۆی سروشتییە، تەبعێکی تایبەتی هەیە، ئێستا سەیر بکەن چەندین کەس دەیانەوێ گۆرانی سەحەرەی سێوە بڵێنەوە، بەڵام لە کاتی وتنەوەی چەندی دەکەن وەك ئەویان پێناکرێ، چونکە زۆر تەڵەفوزی هەیە کە دووبارە کردنەوەی ئاسان نییە، بۆ نموونە (ڕ)ەکان بە نەوعێکی دی تەڵەفوز دەکا، واتە تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها پیاوێکی زۆر هەژار و فەقیر بوو، زۆر جاران ئەگەر ماڵی کاکەزیاد ئاغا و ماڵی حەوێز ئاغا یارمەتییان دابێ، دواتریش لە ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی بۆ ئاهەنگ گێڕان داوەتیان کردبوو و یارمەتییاندابوو، ئەو ئاهەنگەی سلێمانی بە سەرپەرشتی مامۆستای گەورە، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو قادر دیلان بوو، لە تیپی مەولەوی سلێمانی، لە پاشان هەمان تیپ هاتبوونە کۆیە بە مەبەستی ئاهەنگ گێڕان، سێوەشیان بانگهێشت کردبوو، لەبەرئەوەی گۆرانیبێژێکی ڕەسەن بوو و هونەرمەندێکی زۆر بەرز بوو، بەڵام بەداخەوە بە دەرەنگەوە چووە ئێستگەی کوردی بەغداد بە

مەبەستی تۆمار کردنی گۆرانی، ئەو لە ساڵی ١٩٥٥ چووە بەغداد، واتە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا بوو، پێ ڕانەگەیشت زیاتر بەرهەم تۆمار بکات، بەداخەوە دواجار لە ١٩٦٣/٣/٨ کۆچی دوایی کرد و ڕۆژی دواتر لە کۆیە نێژرا"

# دیداری پ.ی.د. هاوژین سڵیوە

**پرسیار**: سەرەتا لەم پرسیارەوە دەست پێدەکەین، سڵێوە یەڵدا سڵێوە، بۆچی بە سێوە بەناوبانگە؟
**وەڵام**: تەبعەن سێوە یەکێکە لە هونەرمەندە بە تواناکانی کوردستان کە دەنگێکی زوڵاڵ و پاك و جوانی هەیە، توانیویەتی بە چوار مەقام ئیسپاتی خۆی بکات، هەروەها شەیدایانی دەنگی سێوە تا ئێستا لە بەرەودان و لە پێگەیەکی بەرزدایە، سەبارەت بە ناوەکەی خۆی ناوی سڵیوە یەڵدا سڵیوەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا زۆرجار خەڵك دەڵێن سڵێوە، یان بە سڵیوە، بە چەند شێوەیەك گۆی دەکەن و دەریدەبڕن، لەبەرئەوەی تا حەدێك ناوەکە نامۆیە بە زمانی کوردی، سێوە لەسەر وەزنی سڵیوەیە، وای بۆ دەچم کە پێیان تەڵەفوز نەکراوە، ڕەنگە بە هەڵە بەو ناوەیان بانگ کردبێ، دواتر ناوەکە لەسەر زاران خۆش بووە و بەم شێوەیە ڕۆیشتووە، هەرچەندە مامۆستا کەریم شارەزا پێی وایە لەبەر خۆشەویستی بە سێوە بانگیان کردووە، ئێمە چەند ناوێکی دیکەمان هەیە لە زمانی سریانیدا ناوی غەدیر بە غەنی بانگی دەکەن، ئەمە

و چەند ناوێکی دیکەمان کە خەڵك پێی ڕانەهاتووە و بە نەوعێکی دیکە تەڵەفوزی دەکەن، ڕەنگە هەردوو بۆچوونەکە ڕاست و گونجاو بێ سەبارەت بە ناوی سێوە.

**پرسیار**: وەکو باسدەکرێ سێوە یەکێك بووە لە کەسە مەشرەفخۆش و دڵتەڕەکان، لەڕووی کەسایەتییەوە چۆن پێناسەی سێوەمان بۆ دەکەن؟
**وەڵام**: سێوە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا، لە تەمەنی دە دوازدە ساڵان کە باوکی دەمرێ بە کاری مورێسی خەریك دەبێ، لەوێ حەز لە کچێك دەکا بە ناوی وارێ، ئەو حەز لێکردنە گڕوتینێکی زیاتری پێدەدا بۆ ئەوەی زیاتر تێهەڵبچێ و گۆرانی بڵێ، هەرچەندە ئەو لە کاتی مێرمنداڵی لەلای قەشە دەخوێنێ لەوێ بواری ئەوەی بۆ دەرەخسێ کە تەراتیلی دینی بڵێ و لەوێ خۆی تاقیبکاتەوە، لەبەرئەوەی شەماسی کلێسا بووە، شەماسیش کۆمەڵێ ئەرکی دەکەوێتە سەر لە سرودە ئاینەکان و تەراتیلە ئاینەکان، کە پێویست دەکا بیڵێ، لەبەرئەوەی ئێمە تەقویمی کەنسیمان هەیە، ئەو تەقویمە وەکو تەقویمی زاینی، کە ساڵی دوازدە مانگە، لەوێش ساڵ دوازدە مانگە و بەسەر ناوی جیاوازدا دابەش بوون، ناوی دینیان هەیە، هەفتانە

موناسەبات هەیە، بۆیە جۆرەها ئاواز لە ناو کڵێسە هەیە، ئەو خۆتاقیکردنەوەی ناو کڵێسە و شکانی شەرم، سێوەی خستە سەر پێ بۆ ئەوەی ئامادە بێت تا ئەوەی گۆرانیش بڵێت، دواتر بوونی ئەو گرۆتینە خۆشەویستییەی بە ئاکام نەگەیشت، دوای ئەوەی کە باوکی کچە ئامادە نەبوو وارێ بدات بە سێوە، سێوەش بە نابەدڵی خزمێکی خۆی هێنا، بۆیە ساڵی ١٩٥٥ کاتێک گوێی لە گۆرانییێکی عەبدولوەهاب دەبێت، دەست بە گریان دەکات، حوسێنی حاجی قادر (ئاری) لێی دەپرسێ، مامۆستا بۆچی دەگری؟ دەڵێت بۆ هینەکەی خۆم دەگریەم، واتە دوای ٦٦ ساڵ ئەو گرۆتینە لە دڵ و دەروونی هەرماوە، بۆیە دەتوانین بڵێین نەگەیشتن بەو خۆشەویستییە، کەسەرێکی گەورە بووە بۆ ئەو، تووشی داڕووخانی کردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا دروستی کردووە و وای لێکردووە لە هونەرەکەی قوڵ بێتەوە، هەرچەندە مامۆستا کەریم شارەزا چواردە مەقامی دیاری کردووە.

**پرسیار**: دەکرێ بڵێین خوێندنی سێوە لە کڵێسادا، تاچەند هۆکار بووە بۆ بەرەوپێش چوونی سێوە بەم شێوەی کە درووست بووە و مێژوو نیشانی داوین؟

**وەڵام**: کاتێك سێوە لە کلێسا دەخوێنێ، بنچینەیەك لە زمانی کلدانی فێر دەبێ، کە خۆی زمانەکەی

زانیووە، بەڵام بە ئەلف و بێ و بە خوێندنەوەوە فێر دەبێ، هەروەها سەرەتایەك لە زمانی فەڕەنسی فێردەبێ، ئەمەش وای لێدەکات کە بۆ خۆشی تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵك هەبێ و لە کۆڕ و مەجلیس و دیوەخانەکان و بە موتابەعەی خۆی فێری زمانی عەرەبی و فارسی دەبێ، ئەمە کاریگەرییەکی زۆر دەبێ لە سەر فراوانبوونی جیهانبینی ئەو کەسە، هەروەها ژینگەکەی سێوە زۆر گرنگە، کۆیە بۆ خۆی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بووە بۆ گەشەسەندنی هونەرمەندان، ڕەنگە بڵێین ئەگەر لە دیوەخانی ئەختەرەوە دەست پێبکەین لەوێوە ئاگردانەکە ئەو گڕوبڵێسەی هەبووە، بەدوای خۆیەوە چەندان گۆرانیبێژ و هونەرمەندی هێناوە، هەمووی کاریگەری خۆی هەبووە، بەهەرەی تایبەتمەندی خۆی و دەنگخۆشی خۆی و کڵێسا و شاری کۆیە و هونەرمەندەکانی دەوروبەری، هەموو ئەوانە یەکیان گرتووە و ئاوێتە بووە و پەیکەرێکیان بۆ کەسایەتی سێوە دروست کردووە.

**پرسیار:** ئەو مەقامانەی باسی دڵداری و سروشتی جوانی کوردستان دەکەن، پەیوەندی بە ناسیۆنالیست بوونی سێوەوە هەیە؟

**وەڵام:** سێوە وەکو کاوێز ئاغا ڕاستەوخۆ باسی کورد و نەهامەتییەکانی کورد و قوربەسەرییەکانی ئەو میللەتە بکات، بەمشێوەیە نەبووە، بەڵام دەتوانین بڵێین هەمووی لە ڕەسەنایەتییەوە هەڵقوڵاوە، ئەگەر باسی شیعرەکانی سێوە بکەین لە ڕووی پێکهاتە و ناوەڕۆکی دەقەکانییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە باسی سروشتی جوانی کوردستان دەکات، باسی مامز دەکا، باسی قولینگ دەکات، باسی ئەو ئاژەڵ و بوونەوەرانە دەکات، کە لە کوردستان هەیە، یانی باسی دەریا ناکات، باسی کەشتی ناکات، باسی زەرافە ناکات، باسی تاوس ناکات، ئەو ئاژەڵانە و پەلەوەرانە لە نێو بابەتەکانیدا نییە، لەبەرانبەردا هەست دەکەی هەمووی ڕەسەنایەتییە لە دەوروبەری خۆی لە عومقی کوردەوارییەوە هەڵقوڵاوە، ئەوە لە ڕووی فکرەوە، لە ڕووی پێکهاتەوە و زمانی دەربڕینیشەوە زمانێکی زۆر ڕەسەنی هەیە کە دەتوانین بڵێین ئەو زمانەی خەڵك هەبووە، بەتایبەتی لەوەی وشەی ناوچەیی تێدایە، لە بەرکاهێنانی (ر، ل) و کۆمەڵێك شت، دەتوانم بڵێم ئەوە خاوەن ڕەسەنایەتییەکی جوانە، کوردستان و سروشتی کوردستانت لەلا شیرنتر دەکات، بەڵام ڕاستەوخۆ نا، وەك ئەوەی کە باسمانکرد.

**پرسیار**: سەبارەت بە خوێندنی سێوە لە کلێسادا، خوێندن لە کلێسا کاریگەری هەبووە کە ئاوازی مەقامەکانی سێوە ڕەنگ و بۆی ئاوازەکانی تەڕاتیلی کلیسایان وەرگرتووە؟

**وەڵام**: جارێك مامۆستا باکوری باسی ئەو حاڵەتەی کرد، خۆشم هەستم پێکردووە، ئەوەندەی کە لە موناسەبات و لە بۆنەکان دەچینە کلێسا، ئێمە تەرتیلێکی دینیمان هەیە بە ناوی قومشەپیر هەست دەکەین ئەو تەرتیلەیە لەگەڵ سەحەرەکەی سێوە نزیکایەتییەکی هەیە، ئەو ئاوازانە لای سێوە جارێکی دیکە دروست بوونەتەوە و گۆڕانکاریشی تێدایە، ڕەنگ و بۆی کلێسایان لێ دێ، هەستی پێدەکرێ، کە ڕەنگ و بۆی هەیە. سەبارەت بە تێکستەکان دیارە زۆر لە تێکستەکان خاوەنیان دیار نییە، بەڵام زۆر سوودی لە شیعرەکانی وەفایی وەرگرتووە، پێش ئەو وتوویانە و ئەو وەریگرتۆتەوە، چونکە پێش ئەو حەنیل کە ناسراوە بە حەنیلە خڕە ئوستازی مەقابات بووە، پێش ئەویش مەڕبێن ئەویش ئوستازی مەقامات بووە، کە دەنگخۆشی بەهرەمەند بووە، سێوەی هونەرمەند هاتووە ئەوانەی وەرگرتووە و جارێکی دیکە بە نەوعێکی دیکە لای ئەو ڕەنگڕێژ بۆتەوە، بۆیە هەست دەکەی ئەو جۆرێك لە نەکهە و جۆرێك لە تام و بۆی ئەو

ئـــاوازانـەی کلێـسـای تێــدا هـەیـە. هـەروەهـــا سـێوە شـەماسـی کلێسـە بـوو، شـەماس لـەپـاڵ قـەشـە دێـت، بـەشـێکی زۆری سـروتـە ئـایـنـیـیەکـان بـەڕێـوە دەبـا، لـە گوتنـی مـەزامیر و تـەرتیلـەکان، کـە هـەمـووی بـە ئـاواز و مـەقام دەگـوتـرێن، قـوڕگێکی سـاغـی دەوێ، کـەسـێکـی دەوێ بتوانـێ تـەواو هـەناسـەی خـۆی بکـاتـەوە، چـونکـە هـەر تـەنیا دەربـڕینی دەنـگ نییـە، بـەڵکـو لـە کـۆتـایـی ڕستـە گـوتـراوەکـان دەبـێ زۆر ئـاوازەکـە درێژ بکرێتـەوە و پێویسـتـی بـە لـەرانـەوەی قـوڕگ و دروسـت کردنـــی نـەغمـە هـەیـە، بـۆ نموونـە لـە دەربـڕینی (هـێ ـ ئـا ـ یـە ـ ئـــۆ) شـــەماس هـەتـــا هـەنـاســەی لـە دووبـــێ لـەرەی دەداتـــێ، بـەو شـێوەیـە (هـــێ ێ ێ ێ ێ ێ یـە هـــێ ێ ێ ێ ێ ییییـە...)، (ئـای ئـای یـای یـااااایـە هێیـە هـێ...)، ئـەوە نمـوونـەیـەک بـوو لـە کـۆتـایـی دەنگـەکـان دەیـان وشــــە و دەربـڕینـــــی دیـــکـە هـەیـە. کـەواتـە کلێســــە هـۆکـــارێکـی بـاشـــە بـــۆ ئـیـدامـە دان و تـەمـــرین کـــردن بـەدەنــگ، هـەرچـەنــدە شـــاری کـــۆیـە بـــێ دانیشـــتنی دۆستـانـە و گـۆرانـی گـوتـن نـەبـووە، بـەڵام بـۆ سـێوە ئـەم ڕۆڵـە گـــرنـگـەی هـەبـــوو، نـەک تـەنیـــا لـە ڕۆژانـــی یـەک شـەمـوان، بـەڵکـو لـەنـوێژەکـانـی بـەیـانـی و عـەسـرانیش کـە لـە کلێســــە دەکـــرێن و بـەتــــایـیـەتیش قـەشـــــە و شـەمـاســـەکـان ڕۆژانـە پـابـەنــدن پێـیـەوە بـــێ ئــاواز و دەنــگ دەربــڕین نـیــیـە. ئـەگـەر شـــەماس دەنگیشـــی

ناخۆش بێ، دەبێ دەنگێکی قەبەی هەبێ، دەنا بۆ شەماسی دەست نادات، ججای ئەوەی کە سێوە دەنگی خۆش بووە و دەنگێکی قەبەشی هەبووە، وەک ئەوانەی بۆیان گێڕاومەتەوە دەڵێن زۆر جار لە کڵێسە بەدەنگی سێوە گریاون. جارێکیان لە دانیشتنێکدا خوالێخۆش بوو مامۆستا کەریم شارەزا پێی وتم: زۆر کەس چونە بەغدا تاکو گۆرانی بڵێن، بەڵام نەیانتوانی لەگەڵ مۆسیقا بڕۆن، بۆیە هیچیان بۆتۆمار نەکردن، هەرچەندە ناوی کەسەکانیشی پێوتم، بەڵام پێم خۆش نییە ناویان بهێنم، وتیشی: سێوە کێشەی نەبوو بەهۆی زیرەکی خۆی لەگەڵ مۆسیقا تەنسیقی دەکرد.

**پرسیار**: سێوە پەیوەندی و ئاشنایەتی لەگەڵ گۆرانی بێژەکانی هاوسەردەمی خۆی لەکوێیە پەیداکردووە، بۆ وێنە: عەبەی چایەچی، پووتا، مەڕبێنی قەشە گۆرگیس، مەلا ئەسعەد، ئەحمەدی حەمە مەلا، ئەم پەیوەندییە لەچ ڕادەیەکدا بووە؟ بەرهەمی ئەو پەیوەندییە چ بووە؟

**وەڵام**: بەرهەمی ئەو پەیوەندییە ئەوە بووە، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان پێکەوە دانیشتوون و گۆرانیان گوتووە، ئەو گۆرانی گوتنە جۆرێکە لە پڕۆڤە کە ناکوژێیەوە و بەردەوام نوێت دەکاتەوە، واتە

شەحنەیەکە بەردەوام نوێت دەکاتەوە، تەنانەت لە کۆنسێرتەکانیش بەشدارییان کردووە، چوونەتە سلێمانی، چوونەتە هەولێر و گۆرانیان گوتووە، تەنانەت لەو شوێنانەی کە ئاهەنگیان گێڕاوە و لە دەرەوەی سنووری شاری کۆیە، خەڵکێکی زۆر موعجیببیان بووە، لەگەڵ مەلا ئەسعەد زۆر هاوڕێ و برادەر بوونە، تەنانەت کاسێتی هاوبەشیان هەیە و پێکەوە گۆرانیان گوتووە، ئەمەش دیسانەوە پەیوەندی پێکەوەژیان و ئاشنایەتی مەسیحییەکان و برا موسوڵمانەکانمان دەسەلمێنێ، کە مەلا ئەسعەد پەیوەست بووە بە مزگەوتەوە و سێوەش شەماسی کڵێسا بووە، بەڵام تەعەسووب نەبوون و پێکەوە دانیشتوون و هاوڕێی یەکتر بوون، لەوێوە ڕۆشنبیری شاری کۆیە بەدەردەکەوێ، کە کەسایەتییە ئاینییەکان گونجاو بوون، بەڕاستی ئەمەش شتێکی گەورەیە.

**پرسیار**: بۆچی لە مەقام وتندا سوودی لە مەقامەکانی نەشئەتی ڕەشید ئاغای حەوێزی و حەننا تۆماس "حەنیل" بینیوە؟

**وەڵام**: ئەگەر باسی هەر بوارێك بکەین لە بوارەکان، دەبینین سەرەتا ئەو کەسە پێویستە شاگرد بێ، ئینجا لە بواری ئیشی دەستی بێ، لە بواری گۆرانی بێ، لە بواری هەر شتێك بێ، دواتر بە پلەکانی

دیـــکەدا دەڕوا، بەڵام هەمـــوو شـــاگردێك نـــابێتە وەسـتايەكی بـاش، ئێسـتا زۆر جـاران دەبيسـتين و بەرگوێمـان دەكەوێ كە سێوە بە ئوستادی مەقامـات ناوی دەهێنن، ديارە ئوستاد لە مەقامـات پێگەيەكـی بەرزی هەبووە، بۆيە مرۆڤ كە چاوی دەكـاتەوە، بەر لەوەی گـۆرانـی بڵێـی، پێويسـتە و حەزت لە تەقليـدە دەنگـــی خەڵكـــی ديـــكە تـــاقيبكەيەوە، زانيـــاری لە دەروبەری خـــۆت وەرگـــری، گـــۆرانـی خەڵكـــی دی بڵێيەوە، بەڵام ئەو كەسە دەگاتە لـوتكە، ئەو كەسە دەتوانـێ كەسـايەتی خـۆی دروسـت بكـات، كە لە نـاو ئەوانەدا وەكو هەويرێك ئەوانـە بشێلـێ و شتێكی لـێ دروســـت بكـــات، ببێـــتە خـــودی خـــۆی، نەك ببێـــتە دەروێشـی فـلان و فـلان، بەو مانـايەی تەنيـا گـۆرانـی گۆرانيبێژێك بڵێتەوە و لەو خەتە لانەدات، ديارە كە سـێوە سـوودی لەوانە وەرگرتـووە، بەڵام دواتـر ئەو ســـوود وەرگـــرتنەی ئەو بيـــروڕا هەڵمـــژين و ئەو زانيارييـانەی وايكـردووە كە كەسـايەتی خـۆی پـێ دروست بكـات، ئەو مەقامـانە بڵێتەوە و توانيـويەتی گۆڕانكـاری تێـدا بكـات و توانيـويەتی بە دەنگێكـی زوڵاڵ بيڵێـــتەوە، ئەمـــانە هەمـــوو وايكـــردووە كە كەسـايەتييەكەی دروسـت بـێ، باوەڕيشـموايە سـوود وەرگرتن شتێكی باشە لە هەموو بوارێكی ژيان.

**پرسیار**: ساڵی ١٩٥٨ ئەو کاتەی کۆمەڵەی بوژاندنەوەی هونەرە جوانەکان لە کۆیە دامەزرا، سێوەیان بەئەندامی فەخری ئەو کۆمەڵەیە ناساند، سێوە هیچ چالاکییەکی لەگەڵ هونەرە جوانەکانی کۆیە هەبووە؟

**وەڵام**: مامۆستا کەریم شارەزا باس لەوەدەکا، پێموایە ئەو کاتەی دوو چالاکی هەبووە، چۆتە سلێمانی و لەوێ گۆرانی گوتووە، چۆتە هەولێریش، جگە لەوەش لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ەوە زیاتر بەدەرکەوتووە و خەڵك ئاشنا بوون بە دەنگی سێوە و گۆرانی گوتووە، بۆیە وەك ئەندامێکی فەخری وەریانگرتووە، لەبەرئەوەی پێگەی خۆی و دەنگی خۆی وای کردووە کە وەری بگرن و سوودی لێ وەربگرن.

**پرسیار**: ڕوون و ئاشکرایە، کە سێوە ویستی هاوکاری هەبووە، بۆ وێنە لەدوای لافاوە مەزنەکەی شاری سلێمانی، سێوە لەگەڵ تیپی مەولەوی کۆنسێرتێک ئەنجامدەدات و سەرجەم دەستکەوتە مادییەکەیان بە زیان لێکەوتووانی لافاوەکە بەخشی. ئەم بابەتە چۆن بووە؟ هەڵوێستی هاوشێوەی هەبووە؟

**وەڵام**: سێوە لە ڕووی مادییەوە کەسێکی هەژار بووە، کەسێکی زۆر بوو نەبووە، کرێکار بووە، لای خەڵك کاری کردووە، بەڵام ئەو ڕۆحیەتەی هاوکاری تێدا

بووە، ئەو کۆنسێرتەیان کردووە، پارەکەیان بۆ فەقیر و هەژاران بووە، لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە نیو سەدە خزمەتی کڵێسای کردووە و هیچ موچەیەکی لە کڵێسا نەبووە، کە ڕۆژانی یەك شەممە و ڕۆژانی تر تقوساتی دینی هەبووە، کاتێکی زۆر بۆ کەنیسەش دیاری کردووە و هیچ موچەشی نەبووە، ئەوە بەخشینەکانی ئەو بووە، جگە لەوەی کە ئەو بەرهەمانەشی پێشکەش بە میللەتەکەی کردووە، وەکو میراتێکی هەتاهەتایی ئەمەش بەخشینێکی زۆر گەورەیە، ڕەنگە لە ماڵی دونیا و لە بەخشینەکانی تر، جیاواز بێ، کە ئەم بەخشینە هەمیشەییە، ئەمەش سەربەرزییە بۆ سێوە و بۆ ڕەوتی هونەری لەم شارەدا.

**پرسیار**: سەبارەت بەو کۆنسێرتەی کە ئەنجامیاندا و دەستکەوتە مادییەکەیان بە زیان لێکەوتووانی شاری سلێمانی بەخشی، ئەم باسە چۆناوچۆنییە؟

**وەڵام**: مامۆستا کەریم شارەزا لە کتێبەکەی خۆیدا (سێوەی هونەرمەند لە تەرازوی ڕەسەنایەتی)دا باسی دەکا، دیارە کە داهاتەکەیان بەخشیووە بە فەقیر و هەژاران، بۆ خۆیان لێی سوودمەند نەبوون، تەنیا کارێکی خێرخوازیی بووە، کە لەو سەردەمە ئەنجامیان داوە.

**پرسیار:** ئەو چواردە مەقامەی کە باس دەکرێ، سەرەتا لەلایەن کەریم شارەزاوە باسکراوە، بەدەر لەو زانیارییانەی کەریم شارەزا، هیچ زانیارییەکی نوێ و دیکەتان بەردەستە؟

**وەڵام:** سەبارەت بەو چواردە مەقامە ئەوەیە کاتێك سێوە لە مەجلیسەکان دانیشتووە، بە تەنیا هەر ئەو چوار مەقامەی نەگوتووە و کۆتایی پێ بێنێ، ئەمەش بە دەلیلی ئەوەی کاتێك کە لە سلێمانییەوە دەچنە هەولێر بۆ ئەوەی کۆنسێرتێك ئەنجام بدەن، لە ڕێگادا بۆ ئەوەی پڕۆڤە بکەن و گۆرانی بڵێن سێوە لە سلێمانییەوە تاکو هەولێر هەر گۆرانی گوتووە، ئینجا ئەو سەیارە و پاسەی ئەو کاتە دەبێ بە ماوەی چەند ئەو ڕێگایەی بڕیبێ؟ پێنج سەعات بووە، شەش سەعات بووە، بە درێژایی ئەو ماوەیە سێوە گۆرانی گوتووە و پڕۆڤەیان کردووە، کەواتە سێوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان کە دانیشتووە، دوو سەعات و سێ سەعات گۆرانی گوتووە، هەروەها مامۆستا کەریم شارەزا هەندێك لە تێکستەکانی نووسیوە، لە کتێبەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام بە دەنگ نییە، ئەگەر دەنگی سێوەی لەگەڵ بێ دەتوانین قسەی لەسەر بکەین.

**پرسیار**: سێوە لە هیچ بۆنە و مەراسیمێکی مزگەوتدا بەشدار بووە؟

**وەڵام**: بەڵێ، کاتێ کە مزگەوتی گەورەی کۆیە گومبەتی هاتۆتەوە، داوایان لە سێوە کردووە تەرتیلەیەکی دینی بڵێت، تەرتیلەیەکی دینی ئەوەندە جوان و بە حەماسی وتووە، لە مەتحی خوا و پێغەمبەران، خەڵکەکەی سەرسام کردووە و مەلا و خەڵکەکە دڵیان پێی خۆش بووە، ئەوەش نموونەی هەرە بالاّی پیکەوە ژیانە، کە مزگەوتی گەورەی کۆیە، بەدەنگی سێوە ئیفتیتاح کراوە. مەلای گەورەی کۆیەش زۆر ڕێزی لە جولەکە و مەسیحییەکان گرتووە، جارێکیان چەند کەسێکی تێنەگەیشتووە هەوڵیان داوە هەڵکوتنە سەر ماڵی فەرەجە جوو و جوەکانی دیکە، مەلای گەورەی کۆیە ڕێگری کردووە، قەشەی هەرمۆتە سەردانی مەلای گەورەی کردووە، مەلای گەورە سەردانی کردووتنەوە. جارێکیان مەسیحییەک سەردانی مەلای گەورە دەکات، مەلای گەورەش پیشوازییەکی گەرمی لێ کات و لە سەری جەجلیس دایدەنێ، کەسێکی مسوڵمان پێی ناخۆش دەبێ، مەلای گەرە تووڕە دەبێ، ڕوو لە مسوڵمانەکە دەکات و پێی دەڵێ: هەر تۆ نەبووی دوێنێ کرنۆشت بۆ لاینی ئینگلیز دەبرد، تاکو بیبینی ئەدی ئەویش مەسیحی نەبوو؟ ئیدی کابرای مسوڵمان دەردەکات.

**پوختەی ژیاننامەی پ.ی.د. هاوژین سڵیوە**

هاوژین سڵیوە عیسا کەریم، لە ساڵی ١٩٧٩ لە گەڕەکی هەرمۆتەی کۆیە لە دایك بووە، ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠١٧ پلەی زانستی بەرزبۆتەوە بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر، مامۆستای زانکۆی کۆیەیە.

زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و سریانی دەزانێت. ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی یەکەمی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠١٢ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خەڵاتی لاوی ساڵی پێبەخشراوە، ساڵی ٢٠١٦ توێژینەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ فازیل شەورۆ نووسیوە بەناوی (جگەرە لەجیهانبینیی شیعری شێرکۆبێکەسدا)، لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەشداریان پێکردووە و خەڵاتی یەکەمیان بەدەستهێناوە.

دکتۆر هاوژین سڵیوە، جێگری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (زانکۆی کۆیە) بووە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی هەنگاوی نوێ بووە، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری شارەوان بووە، بەڕێوەبەری نووسینی (گۆڤاری کەلتووری کورد )بووە، جێگری سەرنووسەری (گۆڤاری کەکۆن )ە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی (گۆڤاری ڕۆشنبیری کەلدان )ە، مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبییە لە زانکۆی کۆیە، ئەندامی سەنتەری مەلای گەورەیە.

تا ئێستا ئەم ٢٤ کتێبانەی بڵاوکردۆتەوە: (لە پاییزەوە بۆ بەهار-شیعر، وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی- وەرگێڕانی لە زمانی سریانییەوە، مۆسیقای نامۆیی- شیعر، ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە- ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی هەرمۆتە- توێژینەوەیەکی مێژوویی لەبارەی مەسیحییەکانی کۆیە ـ هەرمۆتە، هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس- وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی سریانی، پاییزی نیگەرانی-

شـــیعر، ئیرۆتیـــك لەشـــیعری (حـــەمام)ی شـــێرکۆ بێکەســـدا- هاوبـــەش لەگـــەڵ د. دەریـــا حـــەوێزی، کاریکـــاتێر لـــە شـــیعری کوردیـــدا، جگـــەرە لـــە جیهـانبینیی شـیعری شـێرکۆ بێکەسـدا- هـاوبەش لەگــەڵ فـازیـل شــەوڕۆ، موسـیقی الاغتـراب- شـعر، المؤلـف: هـاوژین صـلیوە، ترجمـة: محتـرم محمـد، ئاوێتـەبوونی زمـانی کـوردی و زمـانی سـریانی- لـە شـاری کۆیـە (شـیعر بـە نموونـە)- هاوبـەش لەگـەڵ مامۆسـتا شـادان شـکر، تـابلۆی پـەپوولان- شـیعر بـۆ منداڵان، توتییەکی ژیر- چیرۆك بۆ منداڵان، ڕەخنەی پراکتیکـی، دایـك لـە جیهـانبینیی شـیعری (لـەتیف هەڵمەت)دا- لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنـەیی دەروونییـە- هـاوبەش لەگـەڵ فـازیـل شـەوڕۆ، ئاگردانێـك بـەقـەد نیشتیمان- ژیاننامەی فاروق شـەهید عـەلی مـەولوود (یاداشـتە ڕۆمـان)- هـاوبەش لەگـەڵ فـازیـل شـەوڕۆ دایانڕشتۆتەوە و کردوویانـە بـە بابـەتێکی ئـەدەبی، دیوانـی شێواو- توێژینـەوە و ئامـادەکرن، بنچینـەیـەك بۆ فێربوونی زمـانی فارسی، خـەونی فەرمانبـەرێك - چیرۆك-، زاڵـەی فلوتـە ئـەویندارەکەی سـەرداری بـاب سـەردار، هـاوبەش لەگـەڵ فـازیـل شـەوڕۆ و د. هـێمن عبدالحمید ئامادەیان کردووە).

دیداری م.ئارەزوو ئیسماعیل

**پرســـیار:** لە ڕووی ئەکـــادیمیەوە بەکـــێ دەوترێـــت گۆرانـی بێژی ڕەسەنـی کوردی؟

**وەڵام:** لـەڕووی ئـەکـادیمییەوە، بـەڕاسـتـی پێـوەرێکـی جێگیـر نییە بـۆ ئـەوە، ئـەوەی وەکـو گـۆرانـی دەچێـتە نـاو دڵــی خـەڵـک و تـەمـەنــی خـۆی درێــژ دەکـاتـەوە لـەگەڵ گۆرانییەکـانـی و لـەدوای چەنـدین سـاڵ دوای مـــردن و دوای نـەمـــانـی، گۆرانییەکـــانـی کە بە زینـدوویی دەمێنـنـەوە، ئـەوانـە گـۆرانیبێژی ڕەسـەنن، هــیچ قاڵبێــک و هــیچ یاســایێک نیــیە لـە ڕووی ئـەکادیمیەوە بڵـێ ئـەمە گۆرانیبێژی ڕەسەنـە.

**پرسیار:** دەوترێ هـەر کـەسێك چـوار گـۆرانـی هـەبێت، دەکــرێ بە گــۆرانیبێژ نــاوی بێــنن، ئـەم بــابـەتە لـەڕووی ئـەکادیمییـەوە چۆنـە؟

**وەڵام:** نــازانم، ئـەوە بـەلای مــنـەوە حــاڵـەتێکە، نـەم بیستووە، بـەڵام، دەکرێ کـەسێکـی وەکو سێوە بە چوار گـۆرانـی ببێـتە گـۆرانیبێژێکی ڕەسـەنی میللـەتێـک، لـەبـەرئـەوەی گۆرانییەکانـی هێنـدە زینـدوون و هێنـدە

ڕەسەنن و لەناو دڵی خەڵک جێگای خۆی کردۆتەوە، دەکرێت تەنیا بەو چوار گۆرانییە گۆرانیبێژێکی ڕەسەنی گەورە بێ.

**پرسیار**: جیاوازی ئەم گۆرانیبێژە کە چوار مەقامی تۆمار کردووە، لەگەڵ گۆرانیبێژێکی دیکە کە بەهەمان شێوە چوار مەقام و چوار گۆرانی تۆمار کردبێت، مەقامەکانی سێوە بەزیندووی دەمێنێتەوە، لە بەرانبەردا مەقامەکانی ئەوی دی بەزیندووی نامێنێتەوە، ئەم جیاوازییە وابەستەیە بە چییەوە؟
**وەڵام**: ئەم جیاوازییە وەکو لەپێشوودا ئاماژەم پێدا، ئەو کەسەی کە ڕەسەنە و زیاتر قوڵ بۆتەوە، هەروەها خۆشەویستی سێوە بۆ وارێ و خۆشەویستییە قوڵەکەی وای لێکرد لە هونەرەکەی قوڵ بێتەوە، کاتێک لە هونەرەکەت قوڵ دەبێتەوە، بەرهەمەکانی وەکو خۆی تەمەنی درێژ دەبێت و دەچێتە ئەو قاڵبەی کە پێی بگوترێت، گۆرانی ڕەسەن، یان موزیکی ڕەسەن، یان شیعری ڕەسەن.

**پرسیار:** ئەگەر لە چوارچێوەی هونەری کوردی، دەکرێت چۆن ناوی سێوه بەرین؟

**وەڵام:** سێوه یەکێکە لە پایەکانی گۆرانی کوردی، بە پێناسەی ئەوەی کە سێوه هەندێک شتی گوتووە، کە پێشتر کەس نەی گوتووە، یان دەتوانین بڵێین خۆی داهێنەرەکەیەتی، هەم لە تێکست و هەم لە ئاواز، وەکو خۆم دەڵێم: دەکرێ بڵێین ئەو شیعرانەی سێوه لە نێو هیچ گۆرانییەک و لە نێو هیچ مەقامێکی کوردیدا وجودی نەبووە، بە قەناعەتی من ئەو تێکستانەی سێوه لەنێو هیچ شوێنێکی تردا بوونی نییە.

**پرسیار:** شارەزایانی موزیك و هونەر، تێکستەکانی سێوه بە ناوازە و پڕ عەشق و ئاواز ناودەبەن، بەباوەڕی تۆ پێویستە چۆن ناوی تێکستەکانی بهێندرێ؟ تێکستەکانی لە چ ئاستێکدان؟

**وەڵام:** من دەمەوێ باسی ئاستی ئاوازی شیعرەکان بکەم، ئەگەر باسی ئەوانە بکەین، بەڕاستی ئاوازەی شیعرەکانی زۆر زۆر گونجاو و زۆر زۆر لەبارن، یانی لە حاڵەتێکدا لەو مەقامانەی کە گوێت لێدەبێ هەست دەکەی ئەو ئاوازە، ئەو شیعرە،

ڕێك بۆ یەكدی بڕاون، نە زیاد، نە كەم، لە هیچ شوێنێك ئەو كەموكوڕییە نابینی، لە هەر چوار گۆرانییەكەی، مەسەللەن شوێنێك هەبێ درێژ كرابێتەوە و پێویستی پێ نەكردبێ، ئاوازەی شیعرەكانی ئەوەندە گونجاو و ئەوەندە سوارن، كاتێك دەیڵێ هەستدەكەی وەكو هەسانێك بەسەریدا دەڕوا، زۆر بە ئاسانی بەسەریدا دەڕوا.

**پرسیار:** ئەو تێكستانەی سێوە دەریبڕیوە لە هیچ گۆرانی و مەقامی دیكەدا بەرچاو دەكەوێ؟
**وەڵام:** بەگوێرەی زانیاری من، شتێكم خوێندۆتەوە، كە جارێك لە جاران بەشێكی بچووك لە ناو داستانێك لە ناو سەربردەیەك هەبووبێ، بەڵام وەكو ئەوەی كە دەقێكی دیاریكراو هەبووبێ ئەو تێكستە من نەمبیستووە بەڕاستی.

**پرسیار:** سێوە لە هەڵبژاردنی مەقامەكان زۆر ورد و لێهاتوو بووە، دەستەیەك باوەڕیانوایە ئەو مەقامانەی هەڵیبژاردوون و گوێ كردوون، دووبارەكردنەوەیان ئاسان نییە؟ تاچەند ئەمە دروستە؟

**وەڵام:** ئەو تایبەتمەندییانەی لەناو هەڵبژاردەی تێکستەکان و ئاوازی تێکستەکان هەیە، بۆ نموونە لە ئەوەڵ سەحەرەکەی حاڵەتێك هەیە، زۆر کەس دەڵێ مەقام عەجەم، زۆر کەس دەڵێ مەقام چوارگایە، تەمەشا بکەن لە ئەوەڵ سەحەرەکەدا لەیەك کاتدا هەردوو مەقامەکەی تێدایە، ئەو دەردەشە و ئەو مناقەشەی دروست کردووە، تاکو ئێستاش خەڵکی زۆر لە شارەزا و پڕۆفی لە مۆسیقا دەکەوێتە هەڵە، دەڵێ ئەوە عەجەمە، یان چوارگایە، ئێمە لێکۆڵینەوەیەکمان کردووە، ئەوەمان ساغ کردۆتەوە، ئەوەی دیکە سەبارەت بە ئاواز، ئەو ئاوازانەی کە سێوە گۆرانی پێدەڵێ، یان مەقامەکانی پێدەڵێ، پێموایە ئەوە زادەی ناخی خۆیەتی، جارێکی دیکە دروست کراوەتەوە، لە هەر شتێکی تر وەرگیرابێ، یان لە هەر کەسێکی تر وەرگیرابێ، بۆ نموونە لە حەنیلە خڕ وەریگرتبێ، بەڵام سێوە ئیزافاتی خۆی بەسەر ئەو ئاوازەوە هەبووە، بەسەر ئەو مەقامەوە هەبووە، لەبەرئەوەشە کەسێك نییە بتوانێ وەکو ئەو بیڵێتەوە، دەتوانن بیڵێنەوە، دەتوانن ئەدای بکات،

بەڵام ئەوەنـدە وردەکـاری جـوانـی تێـدایە، ئەوەنـدە وردەکـــاری نـــاوازەی تێـــدایە، کە زۆر ئەســـتەمە گۆرانیبێژێك بتوانێ هەمان ئەو وردەکـاری و هەمـان ئەو ئـــاوازانە وەکـــو خـــۆی بێنێـــتەوە، هەنـــدێك تایبەتمەندی دیکە لە شێوازی دەربڕینەکانی هەیە، کە لە لێکۆڵێنەوەکەمانـــدا باســـمان کـــردووە، کە هەنـدێك حەرفـی وەکـو (ڕ) دەڵـێ لە نێـوان (ڵ و ر)، مەسـەللەن دەڵـێ: (ئـاڕێ گـوڵێ)، لە دەربڕینـی ئەو (ڕ)ە جیـاوازە، خـۆی (گـوڵێ)یە، یـان بە کۆییـانە دەڵێین (گورێ)، بەڵام نە (گوڵێ، گورێ) دەڵـێ، ئەوە یەك لەو تایبەتمەنـــدییانەیە کە ســـێوە لە نـــاو مەقامەکاندا هەیتی، هەندێك شتی دیکە هەیە، کە بەداخەوە هەست دەکەم لە هەندێك حاڵەتەکان کە دەکرێ پەیوەنـدی بە نەبـوونی ئیمکـانەوە هەبـووە، یـاخود غەدری لێکـراوە، یـان بـواری نەبـووە، یـاخود بـواری پـێ نەدراوە، کە بتـوانێ چەنـد گـۆرانییەکی دیکە لە ئیستگەی بەغداد تۆمـار بکـات، ئەوەی مـن زانیاریم هەبێ و بیزانم، ئەو چوار گۆرانییە، یـاخود ئەو چـوار مەقـامەش، کە لە ئەساسـدا پێـنج بـووە، یەکیـان فەوتـاوە یـاخود بڵێـین فەوتێنـدراوە، چـوار

مەقامەکەی دیکەشی بە واستە بۆیان تۆمار کردووە، نازانم چ هۆکارێك هەبووە، کە ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ سێوە کردووە، بۆ نموونە بۆ دەرەوەی ئەو بازنەی ئیستگەی بەغداد پاڵیان پێوەناوە و شتەکانیان وەرنەگیراوە، ئەگەرنا پێموایە سێوە زۆر زۆر لەوە زیاتری پێ بووە، کە ئێستا ئێمە لەبەردەستمانە.

**پرسیار**: مەبەستت لەوە چییە، کە دەڵێی مەقامێکی فەوتێندراوە؟

**وەڵام**: مەقامێکی دیار نییە، شەرت نییە فەوتێندرابێ، بەڵام فەوتاوە، چۆن فەوتاوە؟ بۆ ئەو چوارەی دیکە نەفەوتاوە؟ ئەوی دیکە فەوتاوە؟ چونکە پێنج مەقامی لە ئیسگەی بەغداد تۆمار کردووە، ئەو کاتیش جارێکیان بۆ خۆی چووە بۆ ئیسگەی بەغداد بەڵام وەریان نەگرتووە، دواتر کەسێك بە تایبەت ناردوویەتی، وەك بڵێی حاڵەتێکی ئەمری تێدابووە، کە ئەم کارە بۆ سێوە بکرێ، ئەوەی کە کراوە ئەو بەرهەمە جوانەیە، وەکو مێژووی ئەم شارە هەموومان و کورد بە گشتی شانازی پێوەدەکەین، ئایا ئەگەر بواری بدرایە و دە

جاری دیکە چووبووایەوە بەغداد و هەر جارەی چوار گۆرانی یان چوار مەقامی دیکەی تۆمار کردبایە، چ ڕوویدەدا؟ چ دەبوو؟ سێوە کێ دەبوو؟ بەڵام لەبەرئەوەی کەسێکی فەقیر و دەستکورت بووە، ئەو بوارەیان پێ نەداوە.

**پرسیار:** ئەگەر دەرفەت هەبووایە دەشێ سێوە چەندین مەقام و گۆرانی دیکەی تۆمار کردبووایە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەو سەردەمی ناوچەکە و عێراق و بارودۆخی تایبەتی خۆشی نەتواندراوە وەك پێویست بەرهەم تۆمار بکات.
**وەڵام:** بەڵێ، بەڵێ، دروستە.

**پرسیار:** سەبارەت بە تایبەتمەندی گۆکردنی (ڵ، ڕ) کە سێوە دەیڵێ، کەواتە سێوە تا چەند ئەو تایبەتمەندییە بەهێزەی هەبووە کە لە گۆکردنی وشەدا بتوانێ سەرکەوتوو بێ؟
**وەڵام:** لە ڕاستیدا ئەوە یەکێکە لە نموونەکانی، کاتێك مەقامێك دەڵێ و هەموو وشەکانیت گوێ لێ دەبێ، هەموو گۆرانییەکان و هەموو وشەکانیت بەر گوێ دەکەوێ، ئەوا توانایی ئەو گۆرانیبێژە دەردەخا

لە گــۆکردنی وشـــە، ئەو تایبەتمەنــدییانەی کە لە دەنگی سێوەدا زۆرە، مەسەللەی (ڵ، ر)ەکە یەك لەو تایبەتمەندییانەیە، ئەگەرنــا شــتی دیـکەی هەیە، بەڵام وردەکـــارییە و ڕەنـــگە بە قســـە نەتـــوانین دەربیبــڕین، چــونکە ئــێمە هەنــدێك تەحلــیلات و هەنـــدێك شـــیکردنەوەمان لە لێکۆڵینەوەکەمانـــدا کــردووە، کە ئەو باسانە هەمــوو ســاغ کــراوەتەوە و ڕوونکراوەتەوە.

**پرسیار**: سێوە پێـنج مـەقامی لـە ئیستگەی ڕادیـۆی عێــراق بەشــی زمــانی کــوردی تۆمــار کــردووە، کــە ســەرجەم ژەنیارەکــان عەرەب بــوون و شــارەزاییان لەبارەی موزیکی کوردییەوە نەبووە، لـەکاتی مـەقام وتنــدا تاچەنــد کەوتۆتــە ژێــر کاریگــەری ژەنیــارە عەرەبەکان؟

**وەڵام**: ئەوە پرســیارێکی زۆر گــرنگە و یەکــێکە لە خـــاڵە هەرە گرنگەکـــان، زۆر تـــایبەتە، دیـــارە ژەنیارەکــانی هەمــووی عەرەب بــوون، ســێوە بەو کــوردییەی خــۆی گــۆرانی دەڵــێ، زۆر زۆر کوردیــانە گۆرانی دەڵێ و لـە مەقامەکەی خۆی لادانا، ئەوانـی دیـکە کە مۆسـیقین و لـە شـوێنی خۆیـان سـابتن، لە

مـۆرکـی عـەرەبـی خۆیـان لانـادەن، ئەوەی لـە نـاو مەقامەکانی سێوه و لـە نـاو ئەو بەرهەمـانەی سێوه هەسـتی پێـدەکرێ بە تەواوی، ئەوان لە ڕووی مۆرکەوه ئەوان لە شوێنێکن و سێوەش لە شوێنێکی تـره، لە ڕووی مەقـامەکەوه خـودی سـکیڵەکەی هەموویـان لەیەك شـوێنن، سـێوه بەیـات دەڵـێ، ژەنیارەکـانیش بەیـات عەزف دەکەن، بەڵام ئەوەی وان عەرەبییـیه و ئەوەی سـێوه کـوردییه، لەنـاو ئەو هەموو مۆسیقییەی سێوه ڕێچکەکه و مۆرکەکەی خۆی بەرنادات، ئەمه یەکێکه لە خاڵه گرنگەکانی سێوه.

**پرسیار:** دەکرێ بڵێین ئەمەش یەکێکه لە سیفاته زۆر گرنگەکانی هونەرمەند؟

**وەڵام:** بەڵـێ، بەڵـێ، یەکـێکه لە سـیفاته هەره باشەکان بۆ هونەرمەند.

**پرسـیار:** ئەو ئەدایەی سـێوه کردوویەتـی، هێنـده کاریگەر بووه کە ژەنیاره عەرەبەکان بهێنێته سەر ئەو تۆن و ئەو شێوازەی خۆی کە گوتوویەتی؟

**وەڵام:** بەڵێ، دیاره سکیڵەکه هەمان سکیڵه، بەڵام حەماسی عەزف کردن، ئەگەر ژەنینەکەیان زۆر زۆر

و سات به سات و دوای دەنگی سێوه و دوای ئەوەی ژەنینەکانیان زیاتر پڕتر و بە حەماستر و کاریگەرتر دەبێ.

**پرسیار:** لەماوەی پێشوودا توێژینەوەیەکتان بەناویشانی "سارنجی چڕین لە گۆرانییەکانی سێوەی هونەرمەند" لەمەڕ گۆرانییەکانی سێوه نووسیوه، بەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە چییە؟

**وەڵام:** ئێمە لە ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێك گەیشتین، ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە تایبەتمەندییەکانی سێوه لە ناو مەقامەکان و لە ناو گۆرانییەکانی دەست نیشان کراوه، کە پێشتر ئەو تایبەتمەندییانە پێشتر ڕوون نەبوون، بە شێوەیەکی سەلمێندراو ئەو ئەنجامە دێتە ئاراوه، هەروەها باس لەوە کراوه، کە سێوەی هونەرمەند وەکو کەسێکی دیاری ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەتوانێ بەو چوار مەقامە ببێت بە گۆرانیبێژێکی ڕەسەنی کوردی، زۆر زۆر گرنگە کە تۆ بتوانی بە چوار مەقام ئەو پێناسە و ئەو ناونیشانە بۆ خۆت دەستەبەر بکەی، لەگەڵ ئەمانەدا چەندین ئەنجامی دیکەی هەیە، لەدوای بڵاوبوونەوەی دەکرێ خوێنەران سوودی لێوەرگرن و بیخوێننەوە، کە بڕیارە لە ئایندەدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

**پرسیار**: ئەو چواردە مەقامە (سەحەر، گوریێ، لەبەرنازی چاوبازان، عایشە گور، نیوەشەو، حەریفی ئاگری دووریم، لەباغان ئاهو ناڵیندا، بەقامەت خەرامان، بەستەی زولف و ئەگریجەی یار، بەهار، پایز، شەنگ مێرەم، گۆرانی شلەو خانان، گۆرانی جەبارە و جەبارە) بە مەقامی سێوە ئەژمار کراون، بەڵام بەهۆی نەبوونی تۆمارگاوە فەوتاون و نەماون، چی زانیارییەکی ورد لەمەڕ ئەم مەقامانە هەیە؟

**وەڵام**: بەداخەوە لەبەرئەوەی کاتێك شتەکە بەردەست نییە، ناتوانی هیچ شتێك بڵێی، کاتێك ئێمە توێژینەوەی "سارنجی چڕین لە گۆرانییەکانی سێوەی هونەرمەند"مان کرد، شتمان لەبەردەست بوو، لەبەرئەوە بە دەلیل و بە بەڵگە دەڵێین کە لێرە و لە دەقە و لە چرکەی ئەوەندە ئەو شتەی کردووە و ئەو حەرەکەی کردووە و ئەو حاڵەتەی کردووە، بەڵام کاتێك کە شتێك لەبەردەست نەبوو لەو چواردە ناوەی کە دەهێندرێ، بەڕاستی ناتوانی قسە لەسەر شتێك بکەی کە لەبەردەستت وجوودی نییە، بەداخەوە خۆزیا ئەو چواردە مەقامانەی کە

باس دەکرێن، تۆمار کرابوونایە، بۆ ئەوەی ئێمەش زیاتر لەبارەی گۆرانی و مەقامەکانی سێوە توێژینەوەمان کردبوایە و قسەمان هەبووایە لەسەریان، ئەو چواردە مەقامە لە مامۆستا کەریم شارەزاوە گوێمان لێ بووە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە تەمەنی مامۆستا کەریم شارەزاوە هەیە، کاتێك لە ئاهەنگەکان دانیشتووە و گوێی لێبووە، یاخود لە خەڵکانی دیکە بیستوویەتی کە سێوە لە فڵانە ئاهەنگ فڵانە گۆرانی گوتووە. بەداخەوە کە تۆمار نەکراوە.

**پوختەی ژیاننامەی مامۆستا ئارەزوو ئیسماعیل**

ئارەزوو ئیسماعیل مەنسوور، ساڵی ١٩٦٩ لە شاری کۆیە لەدایک بووە، ساڵی ١٩٧٥ چۆتەبەر خوێندن و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە تەواو کردوە، ساڵی ١٩٩٠ پەیمانگەی تەکنەلۆجی موێلی تەواو کردوە، ساڵی ١٩٨٦ یەکەم وانەی موزیکی خوێندوە.لە ساڵی ١٩٨٤ەوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە دەستی بە کاری هونەری کردووە، ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١١ بەڕێوەبەری هونەری ئەو تیپە بووە و دواتر دەست لە کار دەکێشێتەوە. ئێستاش ئەندامی کارای ئەو تیپەیە، ساڵی ١٩٨٦ یەکەم وانەی موزیکی لەسەر دەستی مامۆستا سەردار ئەحمەد خوێندووە، ساڵانی ١٩٨٧ تا ١٩٩١ سەرپەرشتیاری تیپی مۆسیقای حاجی قادری لاوان بووە، چەند ئاوازێکی نوێی لەو تیپەدا پێشکەش کردووە و لە چەندین فیستیڤاڵی ساڵانەی لاواندا بەشداریان کردووە، زوربەی جارەکان پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە. ساڵی ١٩٩٢ دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای ڕەوا لە هەولێر و کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد بەشی کۆیە بووە، تا ساڵی ١٩٩٧ بەڕێوەبەری هونەری بووە لە هەردوو تیپ.

مامۆستا ئارەزوو، خاوەنی یەکەم ئاوازی کوردیە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بەناوی داستانی قارەمانی بەیان لە شیعری شێرکۆ بێکەس و وتنی هاوتا ئەسعەد لە ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر پێشکەش کرا، ساڵانی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦ مامۆستای موزیک بووە لە سەنتەری چالاکی گەنجانی کۆیە، ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ١٩٩٦ لە مەڵبەندی رۆشەنبیری سەردەم، سەر قەلاتی هەولێر چەندین خولی فێربوونی موزیکی کردۆتەوە، سەرپەرشتی چەندین چالاکی هونەری و فێستیڤاڵی موزیکی کردووە و خاوەنی چەندین ئاوازی نوێیە، کە لە لایەن هونەرمەندانەوە گوتراون.

ساڵی ١٩٩٧ دەچێتە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتی ئەڵمانیا دەگیرسێتەوە. هەر لەوێ دوای فێربوونی زمانی ئەڵمانی، بڕوانامەی موزیکی ( Volks Musik Hoch Schulle) بەدەست دێنێت.

ساڵی ٢٠٠٤ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر لە کۆیە بە مامۆستای بەشی موزیک دامەزراوە، ساڵی ٢٠١٠ کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێری لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووە،

ساڵی ٢٠١٢ تا ساڵی ٢٠١٨ بۆ ماوەی شەش ساڵ و نیو ڕاگری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر بووە لە کۆیە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ لە خوێندنی باڵا (ماستەر) وەرگیراوە، ساڵی ٢٠١٦ ماستەری لە وانە وتنەوەی موزیک وەرگرتووە، ئێستا سەرپەرشتیاری هونەرییە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، بەشی چالاکی هونەری قوتابخانەکان. سەرپەرشتییاری گروپی موزیکی "هاوڕێییانی ئارامی رۆح"ە لە کۆیە، کە ساڵی ٢٠١٥ دامەزراوە و بە فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمییان وەرگرتوە. تا ئێستا ٤ کۆنسێرتیان سازداوە.

لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیدا نووسینەکانی بڵاوکراوەتەوە کە لە بارەی موزیکن بە گشتی، خاوەنی کتێبێکە بە ناوی "میتۆدی ئەکۆڕدەکانی موزیک".

# دڵداری شاعیر

# پوختەی ژیاننامەی دڵدار

یونس ڕەوف، ناسراو بە دڵدار، خاوەنی مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، بیستی شوباتی ساڵی ١٩١٨ لە کۆیە لەدایک بووە، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا و لە ساڵی (١٩٢٧) نراوەتە فێرگە و دەستی بە خوێندن کردووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە کۆیە و ڕانیە و هەولێر تەواو کردووە، ساڵی (١٩٤١) لە کۆلێژی حقوق/زانکۆی بەغداد وەردەگیرێ و ساڵی (١٩٤٥) خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات، لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٨) لە هەولێر گیان لەدەست دەدا و لە هەولێریش ئەسپەردەی خاك دەکرێ، ساڵی ٢٠٠٥، لەدوای ٥٧ ساڵ مەزار و مەنزڵی دڵدار گەڕێندرایەوە شاری کۆیە و لە گۆڕستانی کەکۆن مەنزڵی کۆتایی بۆ دانرا.

دڵداری خاوەن مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، بەتەنیا لە نێو دونیای ئەدەبدا کارەکتەرێکی دیار و بەرچاو نییە، بەڵکو لەنێو کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی سەردەمی خۆیدا کەسایەتییەکی دیار و چالاك بووە،

بـۆ وێنــه لــه کۆمەڵــەی منــەوەران و دامەزرانـدنی کۆمەڵــەی دارکــەر و پـارتی هیـوا و پـارتی ڕزگـاری نیشتیمانی کوردستان ناو و ناوەڕۆکی هەبووه.

دڵـدار، تــەنیا ٣٠ بــەهاری بــەڕێکرد، وەلــێ نـاو و ناوبـانگی بـۆ هەمیشــەیی مایــەوە، ئــەو تەمەنــه بچووکەی دڵدار بەراود بەناوەکەی بەرەو توێژینەوه زانسـتییەکانی ئەم دواییەمـان کـێش دەکـەن, کـه دەوتــرێ: شــاعیران کــورترین تەمــەنییان هەیــه، بۆسـەنگینی و بـەهێزی توێژینەوەکەشـیان چەنـدین کەسایەتی جیهانیمان به نموونه بۆ دەهێننـەوه، کـه هــەرینی نەتەوەکــەیان بــوون، بــۆ وێنــه: فێـدریکۆ گـارسیا کۆرکای شاعیری ئیسپانی، که تـەنیا ٣٨ ژیـا و خـاوەن چەنـد قوتابخـانەیەکی ئەدەبییه.. جـۆن کیــتس شــاعیر و ڕەخنەگریــی ئینگلیــزی, خــاوەن قوتابخــانەی شــیعریی خــۆیەتی و لەسەرتاســەری زانکۆکان بەرهەمەکانی دەخوێندرێن، تەنیا ٢٦ ساڵ ژیــا، ڕێیمۆنــد ڕادیــگ، شــاعیر و ڕۆمــاننووس و وێنەکێشی فەرەنسی، خاوەنی ١٧ شاکاری ئەدەبییه و تــەنیا ٢٠ سـاڵ ژیـا. دەشــێ هــەردوو خـانم سیلیڤا پلاتی شاعیر و ڕۆماننووسی ئەمەریکی, سارا کەینی

شانۆنووس بەڕیتانی بەنموونە بهێنینەوە، کە لە تەمەنی ٣١ ساڵ و ٢٩ ساڵیدا خۆیان کوشت! ئەمانە و دەیان و سەدان شاعیر و کەسایەتی بەتوانای جیهانیمان هەیە، کە ماوەی ژیانییان زۆر کەم بووە! دواجار دڵداریش لەنێو ئەم توێژینەوەیەدا جێگای دەبێتەوە.

شیعری ئەی ڕەقیبی دڵدار دیارترین شیعری شاعیرە، کە لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو لەنێو زینداندا نووسیی و لەلایەن شێخ حوسێن بەرزنجی ئاوازی بۆ دانرا، یەکەمجاریش لەکۆمار کوردستان وەك و سرودی نەتەوەیی وترایەوە و تا هەنووکەش زیاتر لە ٧٣ ساڵە بەردەوامە.

# دڵدار شاعیری نوێخوازی کورد[1]

[1] ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی وشە بڵاوکراوەتەوە.

دڵدار، شاعیری نوێخواز و شۆرشگێر و نەتەوە دۆست و پەرست، خاوەنی سروودی ئەی ڕەقیب و ناسنامەی کوردستانی چوار پارچە، لەماوەی تەمەنێکی کەمی ژیاندا، کە تەنیا سی ساڵ بوو، لەڕێگەی نووسینی شیعرەکانییەوە بووە کەسێکی کوردستانی و بۆ هەمیشە لەیاد و هزری کوردان و زمانزانانی کورددا دەمێنێتەوە.

فازیل شەورۆ، نووسەر و لێکۆڵەری ئەدەبی، لەهەمبەر دڵدار دەڵێ: "قەڵەم بەردەستترین و هەرزانترین ئامرازە بێ بۆ گەیاندنی مرۆڤ بە لوتکەی نەمریی. بەڵام لەو ملیارەها قەڵەمانەی پەنجەی ئەویان ناسیووە، بەدرێژایی مێژوو، ژمارەیەکی کەمیان توانیویانە بگەنە ئەو لوتکە پیرۆزە. دڵداری نەمر، بە تەمەنی دە ساڵی دەچێتە بەرخوێندن و ئەگەر قۆناغەکانی خوێندن لە تەمەنیدا دەربکەین, هەر هەشت ساڵێک، تەمەنی گەیوویی ئەدەبیی ئەو بووە، هەرچەندە لە پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە شیعری بڵاوکردۆتەوە. بۆیە شەش بەرهەمە چاپکراوەکەی، لە پاڵ دیوانە

شیعرەکەی، شایەتحاڵی بەهرەمەندیی و توانست و ڕۆشنفکریی ئەون. لێکۆڵینەوە و توێژینەوە ئەدەبیی و ڕەخنەییەکان، بەهای قەڵەمە پایەدارەکەی ئەویان نرخاندوە و ساغییان کردۆتەوە کە ئەو هەر لەسایەیی دەقی (ئەی ڕەقیب) مەزن نییە. وەکو کوردو وەکو کۆییش, هەقمانە شانازیی بەوە بکەین، کە ڕۆڵەیەکی کوردستان تەنیا بە سی بەهار، ناو و نازناوی نەتەوەکەمانی گەیاندۆتە ئەوپەڕی جیهان".

فازیل شەوڕۆ، زیاتر لەمەڕ دلْدار و تەمەن کورتی دەڵێ: "توێژینەوە زانستییەکانی ئەم دوایییە، شاعیریان بە کورترین قەڵەم بەدەست ڕیزبەند کردوە بە بەراورد لەگەڵ تەمەنی قەڵەم بەدەستەکانی ڕشتە ئەدەبییەکانی دیکەدا. چەندین کەسایەتیی جیهانیمان هەیە، کە بوون و بە ئەستێرە و نەتەوەکەیان و مرۆڤایەتی شانازیان پێوەدەکەن، بۆ نموونە: فێدریکۆ گارسیا کۆرکا (١٨٩٨ – ١٩٣٦)، شاعیر و شانۆنووس و دەرهێنەری شانۆیی ئیسپانی ڕەگەز، کە خاوەن چەند قوتابخانەیەکی ئەدەبییە و گەنجینەیەکی ئەدەبیی زۆر بەنرخی بۆ بەجێهێشتووین.

بەداخەوە، تاکو ئێستا لاشەی تیرۆرکراوی ئەو شاعیرە مەزنە نەدۆزراوەتەوە. جۆن کیتس (١٧٩٥ – ١٨٢١) شاعیری و ڕەخنەگریی ئینگلیزی، لە ناسراوترین شاعیری ئەدەبی ڕۆمانتیکە و خاوەن قوتابخانەی شیعریی خۆیەتی و لەسەرتاسەری زانکۆکان بەرهەمەکانی دەخوێندرێن. ڕێیمۆند ڕادیگ (١٩٢٣-١٩٠٣) شاعیر و ڕۆماننووس و وێنەکێشی فەرەنسی، سەرەڕای ئەوەی کەمئەندام بووە بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری جوانی بە کتێبخانە و مۆزەخانەکان بەخشیووە و خاوەن (١٧) شاکاری ئەدەبییە. تۆماس جاترتۆن (١٧٥٢-١٧٧٠) شاعیری ڕۆمانسیی فەرەنسی، ئەو شاعیرە لاوە لە سەدەی هەژدەمدا شیعری ڕۆمانسی فەرەنسی گەشاندەو بەرهەمی جوانی پێشکێش کردوون. سیلیڤا پلات (١٩٣٢ – ١٩٦٣) شاعیری و ڕۆماننووسی ئەمەریکی، ئەو کچە بەهەرەمەندە لە زۆر بواری ئەدەبی و هونەری جێ پەنجەی دیارە و بەرهەمەکانی بایەخدارن. ئەو لە تافی لاویدا خۆی دەکوژێ. ئەمانە و دەیان و سەدان شاعیری دیکەی جیهانیمان هەیە، کە ماوەیەکی کەم زیندەگیان لە ژیاندا کردووە.

مەولود ژاکاو، نووسەر و شاعیر لەبارەی دڵدارەوە دەڵێ: "دڵدار، شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەی کوردە، بە ئاو و هەوای سازگاری کۆیە و دیمەنی جوانی شارەکە و بیر و هزری حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە پەروەردە بووە، بەشێوەیەك کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی ئەو دوو شاعیرەی کۆیە، تەنانەت کاریگەری تەواوییان بەسەر شیعرەکانی دڵدارەوە هەیە، لەبەرئەوە دەبینین شیعرەکانی دڵدار ئاگریان لێدەبارێ و شیعری تەواو شۆڕشگێڕییە. ئەڵبەتە، شیعرەکانی دڵدار تاڕادەیەك لەسەر ڕێچکەی شاعیرانی کلاسیکییە و ناوەڕۆکی زۆرینەی شیعرەکانی نەتەوەیی و نیشتیمانی و شۆڕشگێڕییە".

لای زۆرینەی هاوزمانان، دڵدار وەك کەسایەتییەکی ئەدەبی و شاعیرێکی کوردی ناسراوە، لەکاتێکدا سیاسییەکی دیاری سەردەمەکەی بووە، ژاکاو، شاعیرە تەمەن هەڵکشاو و بە ئەزموونەکەی کۆیە، وتیشی: "شیعری ئەی ڕەقیب شیعرێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێری دڵدارە، ئەو لە تەمەنێکی بچووکدا پارتی نەتەوەیی لە کەرکووك دامەزراندووە و خەباتی لەپێناو کورددا کردووە.

دوکتۆر عەبدولواحێد ئیدریس دوکتۆرای لە ئەدەبی کوردی هەیە و بەمشێوەیە لەبارەی دڵدارەوە دەدوێ: "دڵدار، بەتەمەنێکی کەم و چەند شیعرێکی کەم، ناو و ناوبانگی زۆری پەیداکرد، ئەمەش وابەستەیە بە گرینگی ناوەڕۆکی شیعرەکانییەوە، بۆ نموونە: شیعری ئەی ڕەقیب، پەیامی زۆر گەورە و قوڵی تێدایە، ئەو سەردەمەش بەگشتی کورد پێویستی بە پەیام و بەهێزی ناوەڕۆکی شیعر هەبوو".

عەبدولواحێد ئیدریس، مامۆستای بەشی کوردی زانکۆی کۆیەیە و توێژینەوەی لەبارەی دڵدارەوە ئەنجامداوە، زیاتر دەڵێ: "دڵدار بەتەنیا شیعری ئەی ڕەقیب چووە مەیدان و هەموو کورد لە پەیامەکەی گەیشتن و تەواوی کوردان شیعرەکەیان ئەزبەرکرد و لە ئێستاشدا لە تەواوی کوردستان و سەرجەم شێوەزارەکان شیعرەکە دەڵێنەوە، چونکە هەست و ناخی هەمووی کوردێکی تێدایە". لەبارەی سرودی ئەی ڕەقیب دەڵێ: "سروودی ئەی ڕەقیب، ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن شێخ حوسێن بەرزنجی ئاوازی بۆ دانراوە، دواتر لە کۆماری کوردستان بە کۆرس و بە سرودەوە وترایەوە، لەو کاتەوە ئەو شیعرە زیندوویەتی خۆی هەرماوە و دەیمێنێ. ڕاستە خەڵکانێك گلەیی و گازاندە لە هەندێ وشەی نێو شیعرەکە دەکەن، بەڵام ئەم شیعرە ڕۆچۆتە نێو

خــوێن و دەمــاری هــەموو کــورد و هــیچ لــە بــەها و سـەنگی شـیعرەکە کـەم ناکاتـەوە، تـەنانـەت ئـەگـەر وشـەکانـی نێو شیعرەکـەش لابدەی و تـەنیا ئاوازەکـەی هـەست و سۆز و جۆشی کورد دەجوڵێنـێ".
هاوکـات، ئـارام سـاڵحی شـاعیر لـەبـارەی دڵـدارەوە دەڵـێ: "دڵدار شاعیرێکی نوێخواز و شۆڕشگێڕە، وەلـێ بەداخـەوە کەم تـەمـەنتـرین شـاعیری کـوردە، کە بە ناکـامی پەنـجەی لـەیەخەی شـیعر تـرازا و هەتیـوی کرد، ئـەو ئـەستێرەی گـەشـی شـیعر و هـەڵوێستـە، ئـەو شـاعیرە نوێخـوازە لـە مـاوەیەکی کورتـدا تـوانی بە بیری نویخوازانـەوە روخسارێکی تـازە بـەبـەر شـیعردا بکـات، دەبینـین لـە شـیعری ڕۆمانسـی گـوڵی سـور و خـەنـدەکـەی بـایی ئـەوپەڕی بـاڵا دەسـتی هـونـەری شیعری نواندووە. لـەبـەرئـەوەشە ڕەفیق حیلمـی دوای خوێنـدنـەوەی بـەشـێک لـە شـیعرەکانـی دڵـدار دەڵـێ: جـێگەی شـک و گومـان نیـیە، کە دڵـداری شـاعیری نیشـتمان پەروەر، لـەداهـاتوو نـاودار و دوارۆژێکـی گـەشـی دەبـێ، هـەروەهـا خورشـید ڕەشـید لـە کتێبـی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لـە ئـەدەبی کوردیدا، سەبارەت بە توانـای دڵدار لـە تـاقیکردنـەوەی شیعری تـازەی کوردی دەڵێ: دڵدار نموونـەی تـاقیکردنـەوەی شـیعری تـازەی

کوردییه، چونکه ئەم شاعیره له سەردەمێکدا خۆی ناسیووه، که شیعری تازەی کوردی له ئارادا بووه، ئەمەش وای کردووه له شیعری کۆن دووربکەوێته و بەرەو ڕێبازی ڕۆمانتیکی هەنگاو بنێت".
ئارام سالح، له درێژەی قسەکانی لەبارەی دلدارەوه دەلێ: "دلداری ڕۆشنبیر و هونەرمەند، ڕازی نەبووه له جێگەی خۆی بمێنێتەوه و تەنیا له بازنەی لاسایی کردنەوەدا بسوڕێتەوه، ڕوونیشه که وێرای شیعره ڕۆمانسییه بەرزەکانی و سروده ئاگرین و شیعره نیشتمانییەکانی وەک شاعیرێکی هەستیار جیهانه ڕەنگالەیی و پاکەکەی منداڵانیشی له شیرینی شیعرەکانی بێبەش نەکردووه، به سرودی منداڵی هیوا خۆی خزاندۆته ناو دڵه بێگەردەکەیان، هاوکات له بواری وەرگێڕانیشدا ئەسپی خۆی تاو داوه، سەرکەوتووانه چەندین بەرهەمی بەپێزی ناودارانی وەرگێڕاوەته سەر زمانی کوردی، من دەڵێم به دڵنیاییەوه ئەگەر مەرگ بواری بدابوایه و بۆ ماوەیەکی درێژتر و زیاتر له ژیاندابووایه بەخشش و داهێنانەکانی دلداری به هرەمەند خەرمانێکی لەبن نەهاتوو و گەنجینەیەکی بەنرخی ئەدەبی نەتەوایەتی پێشکەش به میللەتی کورد دەکرد".

**دیداری پ.ی.د. هیوا حەمید**

**پرسیار**: ژیانی بنەماڵەیی و پێگەی بنەماڵەیی دڵدار تاچەند هۆکار بوو، بۆ دروست بوونی دڵدار بەمشێوەیە؟ کە مێژوو نیشانمان دەدا.

**وەڵام**: بە تەئکید کاریگەری بنەماڵەیی دڵدار لەسەر دڵدار زۆر بە ڕوونی ڕەنگیداوە، چونکە بنەماڵەکەیان بنەماڵەیەکی ئاینی بەناوبانگ بووە، کە بنەماڵەی خادم سوجادە بووە، جگە لەوە باوکی مەلا ڕەوف لە سەردەمی عوسمانی فەرمانبەر بووە، واتە خوێندەوار بووە، زۆر هانی منداڵەکانی خۆیداوە بۆ ئەوەی بخوێنن، تەنانەت برایەکانی دڵدار کە پێنج برای لە خۆی گەورەتری هەبووە و برایەکی لە خۆی بچوکتری هەبووە، هەموویان خوێندەوارییان هەبووە، تەنانەت ئاسفی برای کۆلێژی دادی تەواو کردووە، کاریگەری ئاسفی برای زۆر کاریگەری لەسەر کەسایەتی دڵدار هەبووە، وەکو لە یاداشتەکانی باسی دەکات، هەروەها بنەماڵەی دایکیشی بەهەمان شێوە بنەماڵەیەکی

بەناوبانگ بووە، بنەچەیان لە ناوچەی زەهاوەوە هاتوونە بۆ ئەو ناوچەیە و لەو ناوچەیە گیرساونەتەوە، واتە بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیر بکەین بنەماڵەکەی کاریگەرییان زۆر لەسەر پێگەیاندن و کەسایەتی دڵداری شاعیر هەبووە.

**پرسیار:** دەکرێ بڵێین پێگەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەی دڵدار بووە بۆ ئەوەی دڵدار بەمشێوەیە دروست بێ؟

**وەڵام:** بە دڵنیاییەوە کاریگەری هەبووە، بەڵام ناتوانین بڵێین سەدا سەدا کاریگەری هەبووە، خۆی هەوڵێکی یەکجار زۆری داوە بۆ دروست کردنی کەسایەتی خۆی، بەڵام دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەو هەوڵ و تێکۆشان و بیرکردنەوە و هۆشیارییەی خۆی وەکو تاکێك کە هەیبووە گەیاندوویەتییە ئەوەی کە ئەو ناوبانگە لە تەمەنێکی زۆر کورتدا پەیدا بکات، کە تەنیا ٣٠ ساڵدا ژیاوە.

**پرسیار:** سەرەتای دەستپێکی کاری سیاسی دڵدار بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ سەرەتا لەکوێ ڕۆڵ و دەوری هەبووە و لە چ چالاکییەك بەشدار بووە؟

**وەڵام**: دڵـدار لـەبـەرئـەوەی لـە بنـەماڵـەکـەیـدا بـراکـەی بـە نـاوی ئاسـف زۆر زووتـر تێکـەڵـی کـاری سیاسـی بـووە، کـاریگـەری ئـەوی بـەسـەرەوە هـەبـووە، یـەکـەم چـەکـەرە کردنـی بیری سیاسی و بیـری نـەتـەوەیـی لای دڵدار لـەوێوە دەست پێـدەکا، کە ئاسف و هاوڕێیـانـی بـرای لـە مـاڵـەوە کۆمـەڵێـك پرسـیاریان لێکـردووە و دروشـمیان هەڵـداوە، دواتـر و لـە قوتابخـانـەی ناوەندییەوە دەست بە کاری سیاسی کردووە، بەڵام وەکـو خـۆی لـە یاداشـتـەکانی ئامـاژەی داوە، بـەبـێ ئـەوەی بزانـێ مانای چییە کارەکـەی کـردووە، واتـە لـە وێستگەی یـەکـەم دڵدار بـە هـەست و سۆزەوە کـەوتـۆتـە ناو کاری سیاسی، لایەنی هۆشیاری نەبووە سەرەتا، ئـەڵبـەتـە هـەمـوو کـارێکی سیاسـی بـەمشێوەیە دەست پێدەکا، سەرەتا مرۆڤ بە هەست و سۆزەوە عـاتیفـەی دەجـوڵـێ بـۆ ئایـدۆلـۆژیایـەك بـۆ بیروباوەڕێـك، بـەڵام دوای تێپـەڕبـوونـی زەمـەنێـك ڕەنـگە ئـەو مـرۆڤە بـە هۆشـیاری ئـەو ئایـدۆلۆژیایە یـان ئـەو بیروبـاوەڕە وەربگـرێ، لـەبـەرانـبـەردا مـرۆڤ هـەیە تـاکو مردنـی هـەر بـە هـەست و سۆزەوە سیاسـەت دەکـا و نـاتوانـێ بپـەڕێـتـەوە بـۆ قۆنـاغـە هۆشـیارییەکەی. تـەنـانـەت

هەندێك كاری سیاسییان بە دڵدار سپاردووە، كە بۆ ئەو كاتە ترسناك بووە، بۆ نموونە كاتێك كە منداڵ بووە، یەك لەو كارانەی پێی سپێردراوە، نامەیەكی هەڕەشە ئامێزییان پێداوە و بردوویەتی بۆ ماڵی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، هەروەها ماڵی كاپتن بێل كە لە هەولێر بووە ئەو كاتە، دڵدار خۆی باس دەكا، كە لە شەوێكی باراناوی چووە و پاسەوانێكی هیندییان هەبووە و نامەكەی داوەتە دەست ئەو، دواتر خۆی دەڵێ: نازانم بۆ ئەو كارەم كردووە، كەواتە دەكرێ بڵێین لەوێوە كارە سیاسییەكانی دڵدار دەست پێدەكا، بەڵام بەبێ ئاگایی، پاشان لە وێستگەی دووەم كە بە هۆشیارییەوە دەچێتە ناو كاری سیاسی و بیروباوەڕی سیاسی، دوو فاكتەر لە پشت ئەو هۆشیارییەی ئەون، یەكەمیان مەسەلەی خوێندنەوە، كە خوێندنەوەیەكی زۆری دەست پێكردووە بەبەرنامە، بەتایبەتی كتێبی مێژوویی زۆر خوێندۆتەوە، فاكتەری دووەمیش ئەوەیە كە كۆمەڵێك هاوڕێی پەیدا كردووە، بەتایبەتی هاوڕێی تازە لە قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندی كە كاریگەرییان لەسەر كەسایەتی ئەو هەبووە، كە

گفتوگــۆی سیاســی و ئایــدلۆژیا و بیروباوەڕەکــان کردووە، ئەم دوو فاکتەرە وایکردووە کە دڵدار بباتە قۆناغێکی دیکەی بیرکردنەوەی سیاسی، هەروەها ناوی لە هەندێك کۆمەڵە دێ، کە دڵدار تێیدا ئەندام بووە، وەکو بەچکەشێران، بەڵام وەکو بەڵگە شتێکی ڕوون و ئاشــکرا و لەبەردەســتدا نیــیە، وەکــو بەچکەشێران.

**پرسیار**: دڵدار لە کۆمەڵەی بەچکەشێران چ کارە بووە؟ ئەو تەنیا وەکو ناوێك بەشدار بووە؟ یاخود کارێکی لەسەر شانی بووە؟

**وەڵام**: ئەوانە هەر کۆمەڵێك خوێندکار بوونە، کاتێك کە لەناوەنــدی بــوونە، هەروەکــو خــۆی لە یاداشــتەکانی ئامــاژەی پێکــردووە، واتە زیــاتر مەسەلەی دروشم بووە، چونکە هیچ پەیڕەو و پڕۆگرامێکیان نەبووە، تەنیا کاریگەری ئەوەیان لەسەر بووە کە ئەوان کوردن، چونکە ئەوکاتە خوێنــدن بە زمــانی عەرەبــی بــووە، ئیتــر ئەوان کۆمەڵێك شتیان لەو قوتابخانەیە کردووە کە لێیان خوێنــدووە، تەنــانەت هەنــدێك هەڵســوکەوتیان لەبەرانبەریان کردووە، لەپای ئەوەدا بەڕێوەبەری

خوێندنگاکە دەری کردوون و لێیداون، هەر کەسێکیش خۆی بە کورد نەزانیبێ لێیانداوە، واتە کۆمەڵێك سەرکێشیان کردووە.

**پرسیار:** ژیانی دڵدار بەشێوەی قۆناغبەندی و پلەبەندی، ئەوەی کە هەیە لەبارەی کۆمەڵەی دارکەر، ڕۆڵ و نەخشی دڵدار لەو کۆمەڵەیە چی بووە؟

**وەڵام:** وەکو زانراوە و هەموو زانیارییەکانیش دەیسەلمێنن کە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە و دامەزرێنەری دارکەر بووە، کە ساڵی ١٩٣٧ دادەمەزرێ کێشە لەسەر شوێنی دامەزراندنەکەی هەیە، ژمارەیەک توێژەر و ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا ژیاون دەڵێن لە هەولێر دامەزراوە و بەشێکی دیکە دەڵێن لە کەرکوک دامەزراوە، بەڵام بۆ مەسەللەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە هیچ گومانی تێدانییە و هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن کە دڵدار ئەو کۆمەڵەی دامەزراندووە، تەبعەن دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە لە ژێر کۆمەڵێک هۆکار بووە، چونکە ئەوانە هەموویان گەنج بوونە، دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە تەمەنی هیچ کامیان لە بیست ساڵ زیاتر

نەبووە، هەمووشیان دامەزراندنی کۆمەڵەکە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە کورد چەوساوە بووە، کورد پارچە پارچە کراوە، جگە لەوە موکەڕەم تاڵەبانی هۆکارێکی زۆر گرنگ لە یاداشتەکانی خۆی باسدەکات، دەڵێ: ئەو کاتەی کە لە دواناوەندی کەرکووک بووینە هەر هەموومان بە دڵداریشەوە، لەو خوێندنگایە مامۆستایەکی لوبنانیان هەبووە و دەرسی مێژووی پێوتوون، کە زۆر بە کاریگەری ئەو وانەی وتۆتەوە، بەتایبەتی لەبارەی یەکێتی ئیتاڵیا و یەکێتی ئەڵمانیا و دارشتنەوەی بیروباوەڕە نوێیەکان، کاریگەری لەسەر هەموومان هەبووە، لەبەرئەوە و لە ژێر کاریگەری وانەی ئەو مامۆستایەمان بیرمان کردەوە، کە ئێمەش وەکو کورد بۆ هەڵمەتێک نەنێین و هەنگاوێک بۆ ڕزگار کردنی کورد، ئیدی لەوێوە فکرەی دارکەر دروست دەبێ و دایدەمەزرێنن، ئەڵبەتە دارکەر تایبەتمەندییەکی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە هەموو ئەو ڕێکخراو و پارتانەی کە پێش ئەو دروست کراوە، ئەویش ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار سنووری ناوچەکان دەبەزێندرێ، چونکە هەتا ئەو کاتەش

کۆمەڵێک پارت و ڕێکخراوت هەیە لە سلێمانی دامەزراوە، تەنیا خەڵکی سلێمانی تێدابووە، لە کەرکووک و هەولێر بە هەمان شێوە، بەڵام دارکەر هەموو ناوچەکان لە خۆی کۆدەکاتەوە، یانی ئەو سنوورە دەشکێنێ کە پێشووتر هەبووە، دیارە دڵدار سکرتێر بووە، کەسی یەکەم بووە، لە هەمووشیان کاریگەری زیاتر هەبووە لە کۆکردنەوەی ئەندامەکانی، ئەمە بە شاهێدی هەموو ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون، زۆربەشی ئاماژە بەوەدەدەن کە لە ڕێگای دڵدارەوە پەیوەندییان کردووە، یەک لەوانە دڵزاری شاعیر بووە، بەشداربووەکانی دیکەش هەمان شتیان وتووە.

**پرسیار:** ئەو کۆمەڵەیە تاچەند توانیان ئامانجەکانیان بپێکن؟ دەکرێ بڵێین ئەو کۆمەڵەیە تەنیا ناو بوون؟ یاخود ناوەڕۆکیشیان هەبوو؟

**وەڵام:** ئەگەر هەڵوەستە لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر بکەین و بەشێوەیەکی زانستیانە شیبکەینەوە، بەڕاستی ئەوەندەی ئەوان لە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەوە ئەو کۆمەڵەیە دامەزراوە، چونکە ئەوان هێندە پێگەیشتوو نەبوون و

تەمەنییان لە بیست ساڵ تێنەپەڕیوە، ئەو تەمەنە بچووکە زیاتر هاوسۆزی و عاتیفە کاریگەری بەسەریانەوە هەبووە، ئەوەندە دیسپلینی حیزبی نەبووە، تەنانەت پەیڕەو و پڕۆگرام و بەرنامەیەك نییە، تەنیا ئەوە هەیە کە کوردستان دابەشکراوە و کورد دەچەوسێندرێتەوە، پێویستە ڕزگاریان بکەین و بەشەکان یەکبخەینەوە.

**پرسیار**: دەوترێ ساڵی ١٩٣٨ دڵدار زیندانی دەکرێ، زیندانی کردنەکەی پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە لە کۆمەڵەی دارکەردا بووە؟

**وەڵام**: زیندانی کردنەکەی بە دڵنیاییەوە ناتوانین قسەی لەسەر بکەین، چونکە زانیاری تەواومان لەدەست نییە کە پەیوەندی بەوەوە هەبێ، دەکرێ بڵێین: کۆمەڵەی دارکەر کۆمەڵەیەکی نهێنی بووە.

**پرسیار**: سرودی نەتەوەیی کورد ئەی ڕەقیبە، بەراورد بە سرودەکانی دیکەی نەتەوەکانی دیکە، چۆنە؟

**وەڵام**: سرودی نەتەوەیی هەر میللەتێك، کە خۆی بە نەتەوە بزانێ، هەر کۆمەڵە کەسێك، هەر

کۆمەڵگـایە، دەبـێ سرودی نـەتـەوەیـی هـەبـێ، یـانـی کۆمەڵێـــك ســـرود و تقـــوس هەیە، کە هەمـــوو نـەتـەوەیەك پێویستی پێیەتـی، چـونکە بەبـێ ئـەو هێما و ڕەمزانـە بوونی نـەتـەوە نـاکـامڵـە، تـەواو نییە، بـۆیە ئـیش کـردن لـەسـەر ئـەوە زۆر زۆر پێویسـتـە، دەبینـین یەك لـە بنـەماکـانـی بیـری نـاسـیۆنـالیزم، یاخود بـەرەو نـاسیۆنـالیزم چوون، سرودی نـەتـەوەییە، سـرودی نـەتـەوەیـی گـرنگییەکەی لـە کـوێیە؟ سـرودی نـەتـەوەیـی کە گوزارشـت لـە بـوونی نـەتـەوە دەکـات، سنووری خێڵ و سنووری ئـەو کۆمـەڵگایە تێکدەشکێنێ کە پێش دروست بـوونی نـەتـەوە هەیە، ئینجـا کاتێك ئـەو هـۆنراوەی دڵـدار نـاوبـانـگ دەردەکـا و دەبێت بە سـرودی نـەتـەوەیـی هـەمـوو پـارچـەکـانـی کوردسـتـان، لـەوەوە سـەرچاوە دەگـرێ، کـە ڕەهـەنـدێکی مێژوویـی زۆر گرنگـی تێـدایە، کە مێژوویـەك بـۆ کـورد دروسـت دەکـات لـە پـێش زایـنـەوە، هانـدانێکی زۆری کـوردی تێدایە، ئایدیۆلۆژیایەکی نـەتـەوەیی بۆ کورد دروسـت دەکـا، لـەوێوە ئـەو سـرودە ببێتـە سرودی نـەتـەوەیـی، بۆیە ئـەگەر تۆ نـەتـەوە بی دەبێ سرودی نـەتـەوەییت هـەبێ.

**پرسیار:** لەدوای کۆمەڵەی دارکەران گۆڕانکارییەك دروست دەبێ، کە دارکەران هەڵدەوەشێتەوە و پارتی هیوا دروست دەبێ، هۆکاری ئەوە چ بوو؟

**وەڵام:** وەکو ئاماژەمان پێدا پێشتر، دارکەران لەلایەن کۆمەڵێك لاوی تەمەن بچووك پێکهێندرا ئەگەرچی خەڵکێکی یەکجار زۆری لێ کۆبۆوە، چونکە پێویستییەکی ئەو کاتەی نەتەوەییانە کورد بوو، بەڵام خۆیان هەستیان دەکرد، کە خۆیان ناتوانن ئەو ڕێکخراوە بە ڕێکوپێکی و بە تەواوی پەیڕەو و پرۆگرامێکی باشی بۆ دابنێن و بەڕێوەی بەن، لەبەرئەوە لە نیسانی ساڵی ١٩٣٩ لە کەرکووك کۆنگرەیەکیان کرد، دڵدار لەوێ وتارێك پێشکەش دەکا، لە وتارەکەیدا ئامارژە بە زۆر شتی گرنگ دەکا بە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەو کاتە بە پارچە پارچە بوونی کورد، هەتا هۆکاری سەرەکی پاشکەوتوویی کورد بۆ عەقڵیەتی خێڵەکی دەگەڕێنێتەوە، زۆر بە جوانی و بە باشی پەنجە لەسەر برینەکاندا دەنێن، لەوێوە بڕیار دەدەن کە کەسێك بێنن بە ئەزموون بێ و کەسێك بێ لە ناو سیاسەتدا قوڵ بووبێتەوە، لێرەشدا دەتوانین

هەڵوەستە لەسەر ئەو هەڵوێستەی دڵدار بکەین کە بە ڕاستی هەڵوێستێکی زۆر پۆزەتیڤانە و ئەرێنیانەیە کە کەسێك خۆی کەسی یەکەمی ڕێکخراوێکە، داوا دەکا کە کەسێکی دیکە بێنن و بکرێتە کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە، کۆمەڵێك ناو هەڵدەبژێرن و دواجار لەسەر ڕەفیق حیلمی ڕێکدەکەون، کە سەردەمانێك ماموستایان بووە لە ئامادەیی، دڵدار خۆی دەچێتە بەغداد و چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەفیق حیلمی دەکا و داوای لێدەکا هەرچۆنێك بێ ڕازی بێ، وەکو وتم ئەوە هەڵوێستێکی زۆر ئەرێنانەیە، لەناو میللەتێکدا کە کولتوری دیموکراسی هیچ وجوودی نییە، کە کەسێك ئاوا لە خۆبووردە بێ، واز لە پۆست و پلەوپایە بێنێ و بۆ کەسێکی دیکە.

**پرسیار**: ناکرێ بە دیدێکی دی ئەمە ببینین، کە دڵدار خۆی توانای ئیدارەدانی و ئیدامەدانی پارتی هیوای نەبووە، بۆیە بەدوای کەسێکی دیکەدا گەڕاون؟

**وەڵام**: ئێستاش ئێمە بەدەیان سەرکردەمان هەیە توانای بەڕێوەبردنیان نییە، بەڵام تموحی شەخسی

ڕێگره لەپێش ئەوەی کە کەسێکی دیکە بێنێ، ئێمە وتیشمان کە ئەوان توانای بەڕێوەبردنێکی باشیان نییە، بەڵام ئەو لێبوردەییە، ئەو ڕۆحە دیموکراسییە پێویستە ئاماژەی پێ بدەن، لە کاتێکدا خۆشی چووە بۆ ڕازی کردنی ڕەفیق حیلمی.

**پرسیار:** لەدوای ماوەیەك لەنێوان دڵدار و ڕەفیق حیلمی کۆمەڵێك ناکۆکی دروست دەبێ، لەسەر مەسەللەی چەپایەتی و ناسیۆنالیستی؟

**وەڵام:** بەشێوەیەکی گشتی لە ناو پارتی هیوا دوو ڕەوت هەبووە، ڕەوتی ڕاستڕەوەکان بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی کۆمەڵێك زابت و ئاغا بوون، ڕەوتی چەپڕەوەکانیش زیاتر خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان بووە، خۆی دڵدار زیاتر لە ڕەوتی چەپڕەوەکان نزیك بووە، بەڵام وەکو کردەوە وەك هەڵوێست هەرگیز ئەوەی دەرنەبڕیوە کە لایەنگری هیچ لایەنێکیانە، تەنانەت ئەمە لەکوێوە بەدەردەکەوێ؟ کاتێك موکرەم تاڵەبانی ئەو نامەیە ئاشکرا دەکا کە گوایە ڕەفیق حیلمی بۆ ماجید مستەفای ناردووە داوای هەڵوەشاندنەوەی پارتی هیوا دەکا، ئەگەر پۆستێکی وەزارەتی لە عێراق بدەنێ، لەسەر ئەوە لیژنەیەك

لە ئەنداماني پارتي هیوا دادەنێن، دڵدار خۆی سەرۆکی لیژنەکە بووە، لەوێ دڵدار بەلایەنی ڕەفیق حیلمی دەیشکێنێ، بە هیچ شێوەیەك لایەنگری چەپڕەوەکان ناکات، کە خۆی لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە لەوان نزیکتر بووە، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕەفیق حیلمی دووربکەوێتەوە و ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان هەڵوێستە تاکڕەوەکانی ڕەفیق حیلمییە، بە حوکمی ئەوەی کە مامۆستای ئەوانیش بووە و تەمەنی زۆر لە ئەوان گەورەتر بووە، بەبێ پرسی ئەوان زۆر شتی کردووە، لەسەر ئەوە دڵدار ڕاستەوخۆ پێی گوتووە، ئەوان لەسەر ئەوە جیابوونەتەوە، نەك لەسەر چەپڕەوی و ڕاستڕەوی.

**پرسیار:** لە ساڵی ١٩٤٦ دەچێتە ناو پارتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، لەوێدا دڵدار چ ڕۆڵێکی هەبوو، دەکرێ بڵێین تەنیا نێوی هەبوو، یاخود چ کارێکی کردووە؟

**وەڵام:** پارتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان کە حیزبی شیوعی ئەوەی دامەزراندبوو لە کوردستان ئەوان خۆیان بەدوای دڵدار دەگەڕان، چونکە دڵدار کەسایەتییەك بوو، ناوبانگێکی زۆری هەبوو،

دەیـانزانی لە ڕێگەی ئەوەوە دەتـوانن کۆمەڵێك خەڵکـی زۆر لە خۆیـان کـۆبکەنەوە، دڵـداریش لەبەرئەوەی بیرێکـی چەپـڕەوانەی مارکسـیانەی هەبـووە بە ڕاسـتی کە لە شیعرەکانیشـدا ئەوە دەردەکەوێ، دیـارە دڵـدار دەچێـتە نـاو ئەو پـارتە، لەوێ ڕۆڵێکی دیاری نابێ، تەنیا سەرپەرشتی چەند ئـاهەنگێکی نەورۆزی کردووە بە نـاوی حیـزبەوە، لە چەند بـۆنەیەکی دیکەشدا بەشداری کردووە، بەڵام بەشدارییەك و چالاکییەکی دیاری نییە، وەك ئەوەی لە دارکەر و لە هیوا هەیبووە.

**پوختەی ژیاننامەی پ.ی.د. هیوا حەمید**

هیوا حەمید شریف، ساڵی ١٩٦٨ لە شاری هەولێر لەدایك بووە، بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە، ماستەری لە زانکۆی موسڵ بەدەستهێناوە، بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە، نازناوی زانستی پرۆفسۆری یاریدەدەرە، مامۆستایە لە بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە.

تا ئێستا ئەم دوو بەرهەمەی بڵاوکردۆتەوە: (توفیق وهبی: حیاتە و دورە السیاسی و الثقافی، کوردە عەلەوییەکانی باکوری کوردستان ١٩٠٨- ١٩٣٨). ئەم بەرهەمەشی ئامادەی چاپ کردنە (عەقڵی سیاسی سەرکردە کوردەکان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا ساڵی ١٩٣٩).

## دیداری م. سەنگەر نازم

**پرسیار**: لە ژیاننامەکەی دڵدار ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دڵدار لە تەمەنی بچووکدا تێکەڵ بە خەباتی سیاسی بووە، دەمەوێ ئەوە بپرسم سەرەتای دەستپێکی نووسینی شیعری دڵدار بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: بە وردی ئەگەر بمانەوێ باس لە نووسینی شیعری دڵدار بکەین، ئەو کاتەی کە هۆنراوەی نووسیوە و تێکەڵی دونیای ئەدەب بووە، وەك پێویست دیار نییە، بەڵام پێدەچێ بەهرەی هونەری و ئەدەبییەکەی هەر لە سەرەتایی منداڵییەوە لە تەمەنێکی بچووکەوە بووبێ، چونکە دەرکەوتنی شیعر و بە شاعیر بوونی کەسێك ئەوەنییە کە لە تەمەنی پێگەیشتندا دەرکەوێ، بێگومان لە تەمەنی منداڵیدا بووە، لایەنی کەم لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە بووە، ئەگەر بچووکتریش نەبووبێ، گەورەتر نەبووە، پازدە تا شازدە ساڵی بووە، ئەمەش بە گریمانەیی دەڵێین چونکە ڕێککەوتێکی ورد نییە کە بڵێین لەو

کاتەوە، لەو ڕۆژەوە شیعری نووسیوە، بەڵام بەپلەی شاعیرییەکە ئەوە دەردەکەوێ کە لە سەردەمێکی زوو شیعری نووسیوە، چونکە شاعیریەتی پلە بە پلەیە، ئەگەر پلەی پێش خۆش نەبڕی ناتوانێ قۆناغەکەی دیکە ببڕێ، لەبەرئەوە من دەڵێم: دڵدار لە تەمەنێکی زۆر زووەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە.

**پرسیار:** دڵدار تا چەند دەستێکی باڵای هەبووە لە نووسینی شیعردا؟

**وەڵام:** لە نووسینی شیعردا ڕەنگە زۆر جار موبالەغە بکەن، زۆر جار لێکۆڵەران موبالەغە دەکەن لەسەر شیعری دڵدار، شیعرەکانی دڵدار بەراورد بە سەردەمی خۆی بەو ئاستە نییە، یانی ئاستێکی بەرزی نییە، بۆ نموونە بێکەس هاوسەردەمی دڵدارە، بەڵام شیعری بێکەس بەرزترە لە شیعری دڵدار، چونکە دڵدار کەوتۆتە ناو گێژاوێك، کە فۆڕم دەکاتە قوربانی ناوەڕۆك، وەکو حاجی قادر، چۆن حاجی قادر لە سەردەمی قوتابخانەی بابان و دواتر هاتووە، بەڵام شیعرەکانی حاجی قادر بەرانبەر بە شیعری سالم و نالی لە خوارترە لە ڕووی فۆڕمەوە،

چونکە ئەوانە ئەوەندەی مەرامیان گەیاندنی بیری نەتەوایەتی و هەستە کوردایەتییەکە بووە، ئەوەندە مەبەستییان شیعریەتی نەبووە، هەستیان کردووە تێگەیاندنی جوتیارێك پێویستی بە فۆڕمی سوك و ئاسان هەیە، نەك بە فۆڕمی قورس و کلاسیکی، بۆیە تووشی سەرلێشێواوی بووە لە شیعردا، جیاکردنەوەی قوتابخانە ئەدەبییەکانی دڵدار کارێکی سەختە، چونکە شاعیرێکی قۆناغی گواستنەوە بووە، بەتایبەتی لەدوای سییەکانەوە بە فۆڕمێك دەنووسێ فۆڕمێکی ئاڵۆزە تێکەڵاوە، ناتوانی بڵێی کلاسیکە، ڕیالیزمە، ڕۆمانسیزمە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لەو سێ ڕێبازە ئەدەبییە، بۆیە قسە کردن لەبارەی قوتابخانە و ڕێبازی ئەدەبی دڵدار شتێکی قورسە، هێشتاش توێژینەوەیەکی ورد و پوختی لەبارەیەوە نەکراوە.

**پرسیار:** بە تێپەڕبوونی کات جۆرێك لە گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی بیری دڵدار دروست دەبێ، ئەم بیرکردنەوە و گۆڕانکارییەی بیری دڵدار، تاچەند هۆکار بووە بۆ ئەوەی ڕێباز و فۆڕمی شیعرەکانی دڵدار گۆڕانکاری بەسەردابێ، بۆ نموونە ئێمە

دەبینین سەرەتا شیعری کلاسیك دەنووسێ، دواتر لە شیعری کلاسیك دەپەڕێتەوە بۆ شیعری ڕۆمانتیك، ئەمە تاچەند کاریگەر بووە؟

**وەڵام**: بێگومان کاریگەری فکر و بیر و ئایدۆلۆژیا، کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر فۆڕمی شیعری، کە دڵدار بیرکردنەوەیەکی کۆنگەرانەیە بۆ نموونە شیعری کلاسیك دەخوێنێتەوە، یان بڵێین هەمان ئەو بیرە نەتەوایەتییە کۆنەی هەیە کە شاعیرانی پێشوو هەیانبووە، ئەویش بەهەمان شێوە دەنووسێ، -شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ کاریگەری زۆر لە بواری ئەدەبدا دێنێتە کایەوە، یەکێك لەوانەش فۆڕمە- دڵداریش بێگومان ئەو تێکەڵاوییەی ئەدەبیاتی تورکی کە دێتە ناو ئەدەبیاتی کوردی کە سەرەتایە، دڵدار لە سەرەتادایە، بەڵام دڵدار وادەکات شیعرەکانی لە قۆناغی کلاسیك بپەڕێنێتەوە ڕۆمانتێك، کەچی ڕۆمانتیکیەتی دڵدار هێشتا ڕۆمانتیکیەتێکی تەواو نییە، ئەگەر ڕۆمانتیکیەتی دڵدار بەراورد بکەی لەگەڵ ڕۆمانتیکیەتی گۆران دەبینی گۆران ئاستێکی زۆر پێشکەوتووی هەیە، دڵداریش ئاستێکی سەرەتایی

هەیە، وەکو باسمکرد لێك جیاکردنەوە ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی دڵدار کارێکی زۆر زۆر سەختە، چونکە تۆ باس لە سەردەمێك دەکەی، کە ساڵانی ١٩٣٦ و ١٩٣٧ و ١٩٣٨ه، ڕاستە ئەو قۆناغە ڕۆمانتیکی کوردی هەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووە بە پلەیەکی کەماڵ، شیعری دڵداریش ڕۆمانتیکە، لە زۆر شوێندا ڕۆمانتیکە، کەچی دێڕێك یان دوو دێڕ بەکاردێنێ یەکسەر دەچێتەوە نێو کلاسیك، هەست دەکەی هێشتا بۆن و بەرامەی کلاسیکیەت لەناو ڕۆمانتیکیەتەی دڵدار ماوە، یاخود وشەیەکی وابەکاردەهێنێ کە وشەیەکی تەواو کلاسیکییە، تەنانەت لە کلاسیکیشدا وشەی ئاوا سەخت و قورس بەکارنەهاتووە خاڵێك یان خاسیەتێك لە خاسیەتەکانی ئەوەیە زمان پاراو بێ و وشەی ڕەسەنی کوردی بەکاربهێنی، ڕاستە دڵدار وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی تێدایە، بەڵام لە هەمانکاتدا پڕیەتی لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکیش، واتە ڕۆمانتیکیەتی شیعری دڵدار سەد لە سەد ڕۆمانتیکیەتی تەواو نییە.

**پرسیار:** ئەو گۆڕانکارییەی لە قۆناغی کلاسیکی بۆ قۆناغی ڕۆمانتیکی دێ، ئەمە بە خاڵێکی ئەرێنی دڵدار دادەنرێ؟ یاخود نەیتوانیوە لە کلاسیك بمێنێتەوە، لە هەمانکاتیشدا نەیتوانیوە لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەم و ئەو ڕێباز و قۆناغە بڕواتە پێشەوە؟

**وەڵام:** کاتێك دڵدار لە کلاسیك دەڕوا بەرەو ڕۆمانتیك، بەبێ گومان کارێکی باشی کردووە و بە خاڵێکی گرنگ و ئەرێنی دادەنرێ، چونکە یەکێك لە خاسیەتەکانی نووسینی شیعری ڕۆمانتیکی ئەوەیە کە گرنگی بە زاراوە و وشەی ڕەسەنی نەتەوەیی بدەی، کە دڵداریش وایکردووە، ئەگەرچی وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکارهێناوە، دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین، کە زۆر جار بەکارهێنانی وشە و زاراوە بۆ شێوازی شەخسی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، گۆران لە هەمان سەردەمە بەڵام وشەی غەیرە کوردی بەکارهێناوە، ئەگەرچی گۆرانیش بە نموونە بهێنێنەوە هەندێك شیعری لەو سەردەمەدا پڕیەتی لە زاراوەی غەیرە کوردی، وەکو مەدەنییەت و زاراوەی ئەدەبی عوسمانی، ئەمەش بە خاڵێکی

نەرێنی بۆ دڵدار ئەژمار ناکرێ، چونکە سەردەمەکەی وابووە، داواکردنی کۆمەڵێك شت لە پاش ڕوخانی دەوڵەتی عوسمان دەبینین کۆمەڵێك زاراوە دێتە ناو ئەدەبیەت بۆیە دڵدار، گۆران، بێکەس، هەموویان ئەو زاراوانەیان بەکارهێناوە، ئەمە بە خاڵێك خراپ و نەرێنی بۆی ئەژمار ناکرێ، لەبەرانبەردا ئەمە قۆناغێکی گرنگە، چونکە قۆناغی کلاسیك دەگوازنەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، دڵداریش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبووە، چونکە شاعیرێکی قۆناغی گواستنەوەیە، کلاسیك دەبەن بۆ ڕۆمانتیك.

**پرسیار:** ئەو کاتەی دڵدار لە زیندان دەبێ، لەوێ شیعری ئەی ڕەقیب دەنووسێ، لە زیندان تەنیا شیعری ئەی ڕەقیبی نووسیوە، یاخود شیعری دیکەی نووسیوە؟

**وەڵام:** لە ساڵی ١٩٣٨ شیعری دیکەی هەیە، بەڵام دڵدار لەسەر شیعری ئەی ڕەقیب نووسیویەتی بەندیخانەی کەرکووك، ئەوەی بۆمان ڕوونبۆتەوە تەنیا شیعری ئەی ڕەقیب بووە، دڵدار لە ڕێککەوتی نووسینی شیعرەکانیدا زۆر ورد بووە، بەشێوەیەك

هیچ شاعیرێکی دیکەی کورد بە ئەندازەی دڵدار لە نووسینەوەی یاداشت و مێژووی هۆنینەوەی شیعرەکانیدا ورد نەبووە، سەیر دەکەی لەسەر ناونیشانی هەموو شیعرەکانیدا ڕێککەوتی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ نووسراوە، تەنانەت ناوی ئەو شارەشی لەسەر نووسیوە، کە شیعرەکەی لێ نووسیوە، تەنیا لەسەر شیعری ئەی ڕەقیب نووسیویەتی بەندیخانەی کەرکووك ساڵی ١٩٣٨، ئەگەرنا لە هەمان ساڵدا شیعری دیکەی هەیە، زۆرجار ئێمە ئەوە دەبینین کە شاعیر لە ساڵێکدا بیست شیعر بنووسێ، بەڵام ئێمە تەنیا ئەو شیعرانە دەبینین کە بڵاوی دەکاتەوە و لە دیوانەکەیدا هەیە، شیعر هەیە بڵاوی ناکاتەوە، شیعر هەیە دەیسوتێنێ، ئەوەی ڕوونە تەنیا ئەی ڕەقیبی لە بەندیخانە نووسیوە، ڕەنگە شیعری دیکەی لە بەندیخانە نووسیبێ، چونکە بۆ ماوەی چەند مانگێك شاعیر بگیرێ مەرج نییە یەك شیعر بنووسێ.

**پرسیار:** ئەو کاتەی ئەی ڕەقیب دەنووسرێ و لەلایەن شێخ حوسێنی بەرزنجی ئاوازی بۆ دادەنرێ و دەبێتە سرودی نەتەوەیی کورد و بۆ یەکەمجار لە کۆماری

کوردستان دەوترێ، بۆچی لە نێو شیعرەکانی دڵداردا شیعری ئەی ڕەقیب دەبێتە سرودی نەتەوەیی، لەکاتێکدا ئەگەر بەراوردی شیعری ئەی ڕەقیب بکەین لە شیعری کورد و کوردستان بۆ نموونە، دەبینین شیعری کورد و کوردستان لە شیعری ئەی ڕەقیب بەهێزترە، لە کورد و کوردستان دەڵێ:

ئەرێ ئەی کورد لەنێو گەلدا هەتاکەی مات و داماوی؟
کەعالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی
دەســا بیرێ لە حاڵی خۆت بکە و هەستێ زیللەت کە
بەڵێ دوێنێکە ڕاوکــەر بووی و ئێستاکە بەخۆت ڕاوی
ئەمە پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟

**وەڵام**: نازانم، ئەوە پەیوەندی بە چییەوە هەیە، ڕەنگە پەیوەندی بە خودی شێخ حوسێنی بەرزنجی هەبێ، باوەڕناکەم هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە هەبێ کە شیعری ئەی ڕەقیب لە شیعرەکانی دیکەی بەهێزترە، وەکو خۆت ئاماژەت پێدا، شیعری دیکەی هەیە لە ئەی ڕەقیب بەهێزترە، گەیشتوومە ئەو قەناعەت و باوەڕە، کە دانانی سرودی نیشتیمانی پەیوەندی بە بەهێزی و لاوازی شیعرەوە نییە، چونکە سرودی نیشتمانی زۆر وڵاتی دیکە هەیە، کە

شاعیرەکەی خاوەنی سرودە نیشتمانییەکەیە شیعری زۆر بەهێزتری هەیە، دیارە لە دانان و دیاریکردنی سرودی نەتەوەیی حیساب بۆ بەهێزی و لاوازی شیعرەکە ناکرێ.

**پرسیار**: دەکرێ بڵێین سرودی ئەی ڕەقیب بە ڕێککەوت بوو بە سرودی نەتەوەیی؟
**وەڵام**: من باوەڕموایە بەشێوەیەکی عەفەوی بوو، بەشێوەیەکی لەخۆوە، بە ڕێککەوت بوو بە سرودی نەتەوەیی.

**پرسیار**: پێش ساڵی ١٩٣٧ ئەو کاتەی کۆمەڵەی دارکەر دادەمەزرێ، دڵدار لە ڕێبازی کلاسیکەوە دێتە ڕێبازی ڕۆمانتیك، لەدوای ئەو ساڵەوە لە ڕێبازی ڕۆمانتیکەوە دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغی ڕیالیزم، ئەو پەڕینەوە وابەستەیە بە گۆڕانکاری لە بیر و هزری دڵدار؟ یاخود پێویستییەکی هەنووکەیی ئەو سەردەم بووە بۆ شاعیران؟
**وەڵام**: لە ڕاستیدا هەردوو ڕەهەند و لایەن ڕۆڵی هەبووە، کاتێك کە سەردەم و قۆناغەکە دەگۆڕێ، مرۆڤەکانیش دەگۆڕێن، تۆ سەیر بکە ئەو

پێداویستییانەی ئەمڕۆ هەیە دوێنێ نەتبووە، بۆیە شیعر و ئەدەبیاتیش لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکان خۆی دەگۆڕێ، کاتێك ڕۆمانتیکیەت کز دەبێ، ڕیالیزم دێتە ناو ئەدەبیات، پێویستە شاعیریش لەو قۆناغە بازبدات کە تێیدایە، قۆناغێکی چەقبەستوو، شاعیران و نووسەران و ئەدیبان هەست دەکەن ئەدەبیاتی کوردی پێویستە وەکو چەکێکی بەرەنگاری بۆ کۆمەڵە کێشە و گیروگفت بەکاربهێندرێ، بۆ نموونە کێشەی نەخوێندەوایت هەیە، کێشەی کۆمەلایەتی ژن بە ژنەت هەیە، کۆمەڵێك گرفتی زۆرت هەیە، سەیری ئەو قۆناغە بکە کە ئیبراهیم ئەحمەد بوونی هەیە کە ئەدەبی ڕیالیستی دەنووسن، بەتایبەتی دڵداریش کە یەکێك بووە لەو شاعیرانەی ئەو سەردەمە هەستدەکا کە پێداویستی سەردەم پێویستی بەوە هەیە کە ڕێبازی ریالیزمی لە ئەدەبیاتدا بەکاربێ، چونکە نەتەوەی کورد پێویستی بەوە هەبووە کە ئەدەبیاتێکی هەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵێك دەرد و گیروگرفت و کێشە و ناخۆشی ئەو سەردەم بەکاری بێنێ، هەرچەندە وتمان ڕۆمانتیکیەتی کامڵ نییە، ئەگەر ئێمە شیعری خەندەکەی بایی لێدەربێنین شیعری

ڕۆمـــانتیکی دڵــدار شــیعرێکی ناکــامڵە، یــانی ڕۆمانتیکیەتێکی وەك گۆران و ئەحمەد هەردی نییە، هەرچەندە ئەوان بەراورد بە دڵدار زیاتر ژیاون، بەڵام دڵـــدار زوو لەگەڵ بیـــرەکەدایە کە چـــۆن گۆڕانکـــاری بەســـەر بیـــری دادێ، بەهەمانشـــێوە گۆڕانکاری بەسەر ئەو ئەدەبەشی دادێ کە دەیەوێ بە خەڵکـــی بگەیەنـــێ، بـــۆیە کـــاریگەری بیـــر و ئایدۆلۆژیای دڵدار لەسەر ئەدەبەکەی زۆر بە ڕوونی هەستـــی پێـــدەکرێ و ڕیالیزمەکەشـــی لە هەمـــووان زیـاتر دەرکەوتـووە، چـونکە کلاسیزمەکەشـی هێنـدە نییە، چـونکە تەمەنـی دڵـدار هێنـدەی نەمـاوە لەو قۆناغە، خۆی لەدایك بووی ساڵی ١٩١٨یە بێگومان ئەگەر لە تەمەنـی پازدە و شـازدە سـاڵیدا شـیعری نووسیبێ دەکاتە ساڵی ١٩٣٥ واتە کەوتۆتە ناوەندی ڕۆمانتیکیەت، دڵدار چەند شیعرێکی کەمی کلاسیکی هەیە لەگەڵ عەونـــی، شـــیعری گرفتـــارم، یەك دوو شـــیعری دیـــکەی هەیە کلاســـیزم، ئەوەی دیـــکە ڕۆمانتیکیەتێکی ناکامڵە، پاشان دێتە ناو ڕیالیزم، ڕیـــالیزمەکەی دڵـــدار پێشـــکەوتووترە بەراورد بە ڕۆمانتیکیەتەکەی.

**پرسیار:** لەم ماوەیەدا ئێوە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕەمەزان حەمەدەمین دیوانی دڵدارتان بە نوێی چاپ کردەوە، لەوێدا ئاماژەتان بەوەداوە کە دوو شیعری تازەی دڵدارتان لەنێو دیوانەکەی داناوە، ئەم دوو شیعرە چییە؟ بۆچی تاکو ئێستا بڵاونەکراوەتەوە؟

**وەڵام:** ئەم دوو شیعرە یەکێکیان شیعری (ئادەمیزاد و ئەدیان)، من باوەڕ دەکەم بەهۆی سانسۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سانسۆڕە ئاینییەکان سانسۆڕە سیاسییەکان لە کاتی خۆیدا بڵاونەکرابێتەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە سەرەتا لەلایەن گیو موکریانی دیوانی دڵداری چاپ کردووە، ئەوکاتە سانسۆڕی دەوڵەتی عێڕاقی ئەو کات ڕێگەیان بەوە نەداوە کە ئەم شیعرە بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەگەر لێکدانەوە بۆ شیعرەکە بکەین زیاتر شیعرێکی سۆسیالیستییە و زیاتر بەگژدا چوونەوەی ئاین و ڕۆڵی خراپی ئاینە لە ناو کۆمەڵدا، لە دێڕێکی ئەو شیعرەدا دەڵێ: مەلا و هاخام و پاپا و دەروێشەکەی زانی ئەتۆیان کردە ئالەت سا لە ڕێگای سەتوەتی خۆیان، واتە بە گشتی باس لە ڕۆڵی خراپی ئاین

دەکا، بە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان، دەڵێ ئاین وادەکا کە مرۆڤ ئاوا دواکەوتوو بێ، هەموو کۆششی بداتە دەست هێزێکی نادیار لەکاتێکدا بۆ خۆی هێزێکی هەیە بتوانێ بەکاری ببا و کێشەکانی خۆی پێ چارەسەر بکات، سانسۆڕی ئاینی کە ڕێگر بووە لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکە دەکرێ پەیوەندی بەوەوە هەبووبێ، کە ئەو کەسانەی دیوانی دڵداریان بڵاوکردۆتەوە پێیان شیاو نەبووبێ یاخود ترسابن لەوەی کە مەلایەکان هێرشێکی توندیان بکەنە سەر، چونکە شیعرەکە زۆر بە ئاشکرا هێرش دەکاتە سەر ئاین و ڕۆڵی خراپی ئاین و ئاینزاکان، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. شیعرەکەی دیکە (شیوەنێك بۆ بەکر سدقی)یە، دیارە بەکر سدقی کەسێکی کورد بووە و لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بووە و لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەسێکی خۆشەویست بووە، لە ساڵی ١٩٣٦ کودەتای کردووە، دواتر تیرۆر دەکرێ، دواتر دڵدار و عەونی پێکەوە شیعرێك بۆ لاواندنەوەی بەکر سدقی دادەنێن، ئەم شیعرەش پێشتر لە دیوانەکەیدا نەبووە.

**پرسیار:** ئەم دوو شیعرە کە تا ئێستا لە دیوانی دڵدار نەبووە، لەکوێ بووە؟ چۆن پەیدا بووە؟

**وەڵام:** شیعری ئادەمیزاد و ئەدیان دکتۆر مارف لە ساڵی ١٩٨٤ لە کتێبی لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە چەند دێڕێکی بڵاوکردۆتەوە، شیعرەکە ٢٧ دێڕە بەڵام ئەو چەند دێڕێکی کەمی بڵاوکردۆتەوە و ئامارەش بەوە دەدا کە لەبەر هەندێك هۆکار ئەو شیعرە بڵاوناکەینەوە، ڕەنگە بەهەمان شێوە ئەوەی دکتۆر مارفیش پەیوەندی بە هۆکاری سیاسییەوە بێ چونکە لە بەغداد چاپ کراوە، تەبعەن ئەو شیعرە یەکێکە لە شیعرە هەرە بەرزەکانی دڵدار، چونکە فەلسەفە و عەقیدەی دڵدار بەرانبەر بە گەردوون و ژیانی مرۆڤ دەخاتەڕوو، شیعرێکی زۆر گرنگە بەراورد بە شیعرەکانی دیکە، شیعرەکەی دیکە (شیوەنێك بۆ بەکر سدقی) پێشتر لە دیوانی عەونی بڵاوکراوەتەوە، بەڕێز فەرهاد عەونی داوای لێکردین کە بەهەمان شێوە لە دیوانی دڵدار بڵاوی بکەینەوە، هەروەك چۆن بەشی عەونی لە شیعرەکەدا هەیە، بەهەمانشێوە بەشی دڵدار لە شیعرەکەدا هەیە، دیارە عەونی و دڵداریش زۆر زۆر تێکەڵاو بوونە، شیعری هاوبەشیان زۆرە.

**پرسیار:** دەکرێ بڵێین دڵدار کەسێکی بوێر و چاونەترس بووە لە دەربڕینی ناخی خۆی لە ڕێگای شیعرەوە؟ چونکە دەوترێ ئەو بوێرییەی کە دڵدار هەیبووە، چەپە توندڕەوەکانی ناو کۆمۆنیستەکانیشەوە نەیانتوانیووە بەو شێوەیە قسە بکەن؟

**وەڵام:** بەڵێ، بێگومان ڕاستە، سەد لە سەد ڕاستە، لەبارەی شیعر و ئەدەبیات ئەوەی دڵدار بیری لێکردۆتەوە، بەبیردا هاتووە و بە زمانیش دەری بڕیوە، ئەوەی باوەڕی پێی هەبووە بە زمانی شیعری دەری بڕیوە، دڵدار کەسێك بووە باوەڕی وابووە دەسەڵات دەسەڵاتی مرۆڤە لەسەر زەوی، دەسەڵات دەسەڵاتێکی ئیلاهی نییە، ئەمە لە زۆر شوێندا ئەمە دەردەکەوێ، باوەڕی وایە خودی مرۆڤ دەسەڵاتدارە لەسەر زەوی، نەك هێزێکی میتافیزیکی، بەهەمانشێوە دڵدار ئەو کاتە هێرشی کردۆتە سەر مەلا، کە مەلا یەکێکن لەو کەسانەی کە زۆر خەڵك خۆی لێ لادەدا، مەلا دەسەڵاتدارە، بۆ نموونە ئەگەر مەلایەك هەفتانە پەنجا کەس لە تۆ هانبدات، تۆ ناوێری لە شاردا بسوڕێیتەوە، بەڵام

دڵـدار ئەو چـاو نـەترسـییەی هـەبـووە، ئـەو بـوێرییـەی هـەبووە، کـە سڵ نـەکاتـەوە لـە زۆر شـت، بـەتـایبـەتیش لـەو بـەلارێدا بـردنـەی ئـاین کـە ئێستا و ئـەوسـاش لـە نـاو کـۆمـەڵی کـوردی هـەبـووە، لـەلایـەن ڕێبـەرانـی ئـاینییـەوە.

**پوختەی ژیاننامەی مامۆستا سەنگەر نازم**

سەنگەر نازم حسین حەمەد (دێوانە)، ساڵی ١٩٨٩ لە هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی حوزنی موکریانی تەواوکردووە، ناوەندی لە هەردوو قوتابخانەی وەلی دێوانە و ئیبن خەلەکان تەواو کردووە، ئامادەیی لە قوتابخانەی هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ٢٠١١ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی زانکۆی کۆیە بە پلەی یەکەم بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠١٥ ماستەری لە ئەدەبی کوردی زانکۆی سەلاحەددین بە پلەی یەکەم بەدەستهێناوە، تێزی ماستەرەکەی بە ناونیشانی "وێنەی پیاو لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد و فوروغی فروخزاددا (بەراورد لەنێوان شیعری هاوچەرخی کوردی و فارسی)" بووە. لە ئێستادا مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە.

زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی و کوردی دەزانێ، تا ئێستا ئەم کتێبانەی لە نووسین و وەرگێڕان بڵاوکردۆتەوە: (ژانرە ئەدەبییەکان بەهاوبەشی لەگەڵ د. ڕێزان ساڵح مەولود، ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕان لە فارسییەوە لەگەڵ د. هیمداد

حوسێن، کۆمەڵناسی ئەدەبی، ڕۆبێر ئیسکارپێت، وەرگێڕان لەگەڵ د.هیمداد حوسێن، پاییز دوا وەرزی ساڵە، ڕۆمان، نەسیمی مەرعەشی، وەرگێڕان لەگەڵ د.هیمداد حوسێن، ئازارەکانی ڤارتەری لاو، گۆتە، ڕۆمان، وەرگێڕان لەگەڵ د.هیمداد حوسێن، سەمفۆنیای شوانکارەیی، ئەندرێ ژید، ڕۆمان، وەرگێڕان لەگەڵ د.هیمداد حوسێن، قەحپە بەڕێزەکە، سارتەر، شانۆنامە، وەرگێڕان لەگەڵ د.هیمدادی حوسێن، کاماسوترا (سێکسناسی هیندی) وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ساڵنامەی کۆچی و زایینی فریمان- گرینڤێڵ: وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ڕێبازە ئەدەبییەکان، مکتبهایی ادبی، وەرگێڕان لەگەڵ د. هیمداد حوسێن، دیوانی دڵدار بەهاوبەشی لەگەڵ م. ڕەمەزان حەمەدەمین، تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕان لەگەڵ د. هیمداد حوسێن، ئەدەبی جیهانی، وەرگێڕان لەگەڵ د. هیمداد حوسێن، فەلسەفەی ئەدەب، وەرگێڕان لەگەڵ د. هیمداد حوسێن). هەروەها بە دەیان وتاری ئەکادیمی نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە.

# دیداری پێشڕەو سەید برایم

**پرسیار**: سروشت و ژینگەی کوردستان هۆکارێك بووە بۆ پێگەیشتنی دڵدار؟

**وەڵام**: سروشتی کوردستان، کە گوێیان کردۆتەوە و هەوێنی شیعری دڵیان گرتۆتەوە و بەلایەوە پیرۆز بووە، بۆتە سەرچاوی ئەوینێکی بێ سنوور، تاڕادەی پەرستن بڕی کردووە. لەوەش زیاتر زێدەڕۆیی کردووە، بە بوێرییەکی بێ هاوتاوە نیشتمانی کوردی بە خولقێنەری داناوە، کە دەڵێ: بەڵێ کوردستان تۆ منت خولقان... تۆ منت خولقان پێت بەخشیم ژیان" دیارە، دووبارەکردنەوەی "تۆ منت خولقان" جەختکردن و پێداگیرییە لەسەر خودانی کوردستان، هەر ئەویش پەروەردگار و هۆکاری ئەفراندنیەتی. بۆ پابەندبوون و دەست نیشانکردنی رێگای باوەڕی رووی خۆی و ئاوڕدانەوەی پەرستنی بۆ کوردستان وەردەگێرێ و دەڵێ: "تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان" بۆ ئەوەی گومان نەهێڵێ سنور و بازنە ئایینە باوەکە دەبەزێنێ و دەڵێ ئەو نیشتمانە "دینمان ئاینمان"ە

و بەیەکجار خۆی یەکلایی دەکاتەوەو بە ڕاشکاوانەو بێ دوو دڵی و بە جەختکردنەوە کوردستان بە خوای خۆی دەناسێنێ و دادەنێ "خوامی بێگومان". لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بە تێڕامان لەسەرجەم بەرهەمە ئەدەبیەکاندا، لە ناو کورد کەس وەک دڵدار عاشق و سەوداسەری خاک و گەلەکەی نەبووە. هیچ کام لە شاعیرەکان، بە چەپە توندڕەوکانی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیشەوە، وەکو ئەو بوێر و چاونەترس نەبووە لە دەربڕینی بێباکانە، لە لادان لە ڕێبازە چەقبەستووەکە و باوەکەی ئایین و لە کلتور و داب و نەریتە نەرێنییەکەی کوردەواری. پیرۆزکردنی کوردستان، وەک خاک و نیشتمان، پەرۆشێکی بێ سێ و دووی دڵدار بووە، وەک مرۆڤ و شاعیرێک. سڵ نەکردنەوە لە جاڕدانی بۆچونە خەستەکانی لەمەڕ کورد و کوردستان، وەک جەنگاوەرێکی خۆبەختکردوو، ئامادە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەرگ و مەترسییەکانی ژیان، گەیشتۆتە ئەو رادەیە، کە خەسڵەتی مولحیدی بەناو بکرێ، بێ ئەوەی بە هەندی وەرگرێ، چونکە لای ئەو ئەوینی خاک پەرستن و بڕوادارییە.

**پرسیار**: دەستپێکی کاری سیاسی دڵدار بۆ سییەکانی سەددەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە؟ بە وردی کەی و لە کوێ و چۆن تێکەڵ بە دونیای سیاسەت بوو؟

**وەڵام**: ئەو سروشت و ژینگە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی دڵدار تێدا ژیاوە لە بندەستدا بووە، بۆیە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر کەسایەتی دڵدار لە زۆر ڕوووە. ئەوەی لێرە مەبەستە لایەنی سیاسییەکەیەتی، دڵدار هێشتا مێرمندال بووە، گۆش دراوە بۆ ئەوەی هەست بکا، کە بە ڕەچەڵەک کوردە و لە نەتەوەیەکی دیکە نییە. دوایی فێر کراوە، کە کوردێکی نەتەوەییە لە ئاکامیشدا کوردێکی هۆشیارە، ئەرکی ڕزگارکردنی گەلەکەی کەوتۆتە ئەستۆ، ئەو هەست و نەستە کوردییەی دڵدار ئەوەندە بەهێز بوو وای لێکرد هۆشیاری نەتەوەیی لە هۆش و گۆشی چەکەرە بکا. هەر زوو کەوتە خۆ، کە کۆمەڵەی منەوەڕان لە کۆیە ساڵی ١٩٣١ دروست بوو، دڵدار بچوکترین ئەندامی بووە، لەژێر کاریگەری کاکی ئاسەفی برای، کە تێکۆشەرێکی وونبوی ئەو سەردەمە بووە و بەرپرسی لقی کۆیەی کۆمەڵەی خۆیبوون بووە. کاتێ بۆ خوێندنی ناوەندی

چۆتە هەولێر لەوێ وەک خۆی باسی دەکا لەگەڵ خوێندکارە کۆیی، ڕەواندزی و شەقلاوەیی و هەولێرییەکان هەمیشە لە کۆڕۆ کۆبونەوەدا بوون، لەماڵی ئەو خوێندکارانە، کە بەکرێیان گرتبوو لە هەولێر، هەروەها چاپخانەکەی "مگردیج"ی ئەرمەنی کە هەم چاپخانە هەمیش کتێبخانەیەکی خنجیلانەی تێدا بوو. دڵدار ئەو دانیشت و کۆبونەوانە بە "مسامەڕات" ناودەبا، واتا گفتوگۆی شەوانە، لە ساڵانی دووەم و سێیەمی ناوەندی دڵدار لەگەڵ هاوڕێ خوێندکارەکانی باسی ئەزموونی شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی پۆلۆنیا، ئیتالیا، و ئەڵمانیایان بۆ دەکا، زۆر جەخت لەسەر ئیتالییەکە دەکا (لە کتێبی دڵدار، ژیانی سیاسی بە وردی باس کراوە) باس لە هۆکارەکانی کراوە. لە ئەزمونی ئیتالیاش ڕێکخراوی "کاربۆناری" دەکاتەوە، کە لە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی تایبەت بووە بە کرێکارانی ڕەژوو لە ئیتاڵیا. پێدەچێ زۆر سەرسام بووبێ بەو ڕێکخراوە، بۆیە هەوڵ دەدا لاسایی بکاتەوە بە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر، دیارە ئەو کاتە تویژێکی بەرچاوی کورد دارکەر بووین. لە

کۆبــونەوەی ئەو خوێنــدکارانە ئەوەنــدە بــاس لەو ڕێکخراوە کراوە، پۆلیس ١٩٣٦ ڕاپۆرتێکی نووسیوە، گوایە کۆمەڵە خوێندنکارێک ڕێکخراوێکیان بە ناوی دار کەر دامەزراندووە. لەسەر ئەو ڕاپۆرتە هەندێک لە نوسەرانی هەولێر پێیان وایە دارکەر لە هەولێر لە ١٩٣٦ دامەزاروە. لە بیرەوەرییەکانیــدا دڵــدار چەنــدین نمونەی خەبات باس دەکا، کە بە هــۆی کــاکی ئاســەف، ئەحــمەد خــواجە و ســەعدی جەلال ئەنجامی داوە، کە هێستا لە نێوان ١١-١٥ ساڵان بووە.

**پرسیار**: دڵدار لەنێو بەچەشێرانەوە بۆ کۆمەڵەی منەوەران؟ ئەوان دەیانویست چ بکەن؟ بەچەشێران چیــان دەویســت؟ جیاوازییــان لەگەڵ کــۆمەڵەی منەوەران چ بوو؟ دەوری دڵدار لە ناویاندا چ بوو؟

**وەڵام**: وەک ئەحــمەد خــواجە لە کتێبــی (چــیم دی) باســی دەکــا، ئەو کــاتە لە هەولێــر هەســتی نەتەوایەتــی و خــۆ بە کــوردزانین لاواز بــوو. لە هەولێر ئاسەفی برای یان مامۆستا سەعدی جەلال هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ ئەوەی ختووکەی هەستی نەتەوایەتــی دڵــدار بــدەن، ئاســەف وای لێکــرد بە

دڵنییاییەوە بڵێ من کوردم! سەعدی جەلالیش کوردێکی ئازاو بەچەشێر. ئەوە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی کوردایەتی دڵدار. لەم بارەیەوە لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ ئەمە: (غرورێک و غیرەتێکی دامێ، کە نازانم وەسفی بکەم)، هەر ئەوەش بوو کە ببێتە بچوکترین ئەندامی کۆمەڵەی منەوەران لە کۆیە. ڕۆڵی دڵدار تەنیا ڕۆڵی پرۆپاگەندە و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی بوو لە ناو هاو خوێندنەکانی، تا ئەو ڕادەیەی ئەوەی پەسندی نەکردبا بەر لێدان دەکەوت، دڵدار توانی سەرکردایەتی کۆمەڵێک خوێندکار بکا و وەک بەچەشێران ڕاوی ئەوانە بنێن، کە ناوێرن خۆیان بە کورد لە قەڵەم بدەن، لەلایەکی دیکەوە بووە جێی متمانەی سەعدی هاوەڵەکانی و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کارو چالاکیان پێ راسپارد، بۆ نمونە گەیاندنی نامەیەک بۆ وەکیلی مەندوبی سیاسی لە هەولێر، کە بۆ ئەو تەمەنە ترسناک بوو، بەتایبەتی لە شەوێکی باراناوی پڕ لە بروسک و هۆڕدا، جگە لەمەش ئەگەری گرتن تا کوشتنیشی هەبوو، بەڵا دڵدار نەترسا و کارەکەی بە ڕێکی ئەنجامدا.

**پرسیار**: دڵدار بەتەمەنێکی کەم و لە سەرەتایی سییەکانەوە وەک کەسێکی سیاسی دەرکەوت، لە ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵەی دارکەرانییان دروست کرد، بە تەمەنی ١٩ ساڵی بووە سەرۆکی کۆمەڵەکە، ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە چ بوو؟

**وەڵام**: ئەو کۆمەڵەیە دارکەران خاوەن بیرۆکە و دامەزرێنەری سەرەکی دڵدار بوو، تا ڕادەیەک لاساییکردنەوەی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتاڵی بوو، کاربۆناری ئامانجی یەکگرتنەوەی ئیتالیا و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو، دارکەرانیش بەهەمان شێوە. دوو شاهید هەن یەکیان مردوو خوا لێخۆشبوو نوری شاوێش ئەوەی دی زیندوو دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی هەردووکیان باسی ئەو ساتە دەکەن کە دڵدار لە کەرکوک کۆی کردنەوە و وتارێکی پڕ حەمەسەتی نەتەوەیی پێشکەش کردن، کە چۆن کورد دابەش بووەو کوردستان داگیرکراوە، بۆیە پێویستە یەک بگرێتەوەو سەربەخۆ بێ سەروەری دەوڵەتی ماد بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان. بە بۆچونی زێنەب، دڵدار (سورەتی قەومی خۆی کێشا)، تاکە چارەسەریش هەر تەنها یەکگرتن و

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە، کە مەراقی گەورەی دڵدار بووە، بەدەردی زێنەب دەبێژێ (قەهری بێ دەوڵەتی کورد) وای لە دڵدار کرد تەندروستی خۆی لەسەر دانێ. ئەوانەی دەبوونە ئەندام دوایی ئەوەی بە سیستەمی پاڵیوراوی تێدەپەڕن و سەرکەوتوو دەبوون دەبوایە : سوێند بە کوردستان و ئاڵای کوردستان و خەنجەری کوردەواری و قورئان بخوا، کە بۆ ڕزگاری کوردستان تێدەکۆشی و هەرگیز ناپاکی ناکا، ئەو ڕێوڕەسمە ئەدگاری نەتەوەییانە و سیمای سەربەخۆیی تێدا بەدی دەکرا، کە پێشتر گەر هیچ نەبێ، لە ڕێکخراوەکان پێشووتری لەم کۆمەڵەیەدا نەبوو، ئەوەش جیاوازییەکی گرنگ بوو، لەوەش پتر بۆ گەیشتن بەو ئامانجە گەورە و جێبەجێ کردنی نهێنییەکی تۆکمە مەرج بوو.

**پرسیار:** دڵدار، ئەو کەسە بە توانایە بوو کە ببێ بە سەرۆکی کۆمەڵەی دارکەران؟ دەوری دڵدار چی بوو؟

**وەڵام:** دڵدار بە تەمەن لە هەمووان گەورەتر بوو، لە هەمووشیان خوێندەوارتر و دەتوانین بە پێوەری ئەو سەردەمە بڵێین لە هەمویان ڕۆشنبیرتر بوو، چونکە چەند زمانێکی دەزانی، خوێندنەوەی زۆر و چڕوپڕ

بووە، ئەو هەر بۆ خوێندنەوە و زانیاری پەیداکردن نەیدەخوێندەوە، بەڵکو ڕاڤەی دەکرد، ڕای خۆی دەگوت و بەراوردی دەکرد لەگەڵ نووسینەکانی دی لەو کتێبانەی پێشتر خوێندبوویەوە، بەمەش بۆچوونێکی بەپێز لە هزریدا سەری هەڵدەدا، کە دەیتوانی لە دانوستانەکاندا ڕابەرایەتی بکا و لە هەڵوەستە عاسێکاندا بە سێنایی لێی دەرچێ و دەستەودامان ڕانەوەستێ. لاڵ بووم کەچی بۆ گوتار خوێندنەوە بە شایەدی مەسعوود محەممەد چەند سعاتێک دەیتوانی قسە بکا بێ راوەستان و گیر بوون. لە دەستەی دامەزرێنەران ڕکابەری نەبوو بۆ سەرۆکایەتی ئەو کۆمەڵەیە، هەرچەند نازاندرێ سەرکردایەتی کۆمەڵەی دارکەران سەرۆکایەتی بوو، یان سیستەمی سکرتێری، بەڵام ئەوەی دەزاندرێ دڵدار بەرپرسی یەکەمی ئەو کۆمەڵەیە بووە، من پتر بۆ ئەوە دەچم، کە دڵدار سکرتێری دارکەران بووبێ، چونکە لە هیواش هەر سکرتێر بوو. پێدەچێ دەست رۆیشتووش بێ لەناو کۆمەڵەکە. نوری شاوێش باسی ڕۆڵی دڵدار لە دەرکردنی عەبدوڵلا تۆفیق جەوهەر دەکا لە کۆمەڵە بەڵام دوایی ماوەیەک زانیمان، کە

عەبدوڵڵا تۆفیق جەوهەر پێوەندییەکی نهێنی هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی "برایەتی-الرخاء"، ئێمەش دەمانەویست کۆمەڵەکەمان تەواو نهێنی بێ، حەزیشمان نەدەکرد هیچ ئەندامێکی کۆمەڵەکەمان ئەندام بێ لە کۆمەڵەیەکی دی، بۆیە من و یونس دڵدار لەسەر دوورخستنەوەی عەبدوڵڵا جەوهەر رێککەوتین. دڵدار وەک بەرپرسی یەکەمی دارکەران خاوەنی بڕیاری خۆی بوو، دوای ئەوەی دەگەیشتە قەناعەتێک، کە ڕاست و دروستە ئیدی پەشیمانی بەدوا دانەدەهات، یان کە بڕیارێک لەناو کۆمەڵە بە ڕێککەوتنی ئەندامان دەردەچوو، دڵدار تا کۆتایی جێبەجێی دەکرد و نەیدەهێشت لێی ساردببنەوە، چونکە پێی وابوو لاوازی رێکخستن و کارگێڕی کۆمەڵە سست دەکا و دەبێتە مایەی بێ بڕوایی.

**پرسیار:** لەسەر ئەو کۆمەڵەی دارکەرە بوو، دەستگیر کرا؟ لە زیندانیش ئەی ڕەقیبی نووسی؟ وردەکاری ئەو باسانە چییە؟

**وەڵام:** لە ڕاستیدا یەک سەرچاوە هەیە، کە باسی گیرانی دڵدار بکا، من لە خۆمەوە گومانم هەیە لە ڕاستی و دروستی ئەو گیرانە، بۆیە قسەیەکی

ئەوتۆی تێدا ناکەم، تەنها ئەوەندە نەبێ، گیرانەکەی لەسەر ئەوە نەبووە کە بەرپرسی دارکەر بووە، چونکە ئەوکاتە، وەک لە گێڕانەوەکە باس دەکرێ (ساڵی ١٩٤٠ بووە، ئەگەری هەیە ١٩٣٩ بێ) ئەوکاتەش دارکەر نەمابوون ببوە پارتی هیوا. سەبارەت بە سرودی ئەی رەقیب لە کەرکوک نووسراوە، نەک لەکاتی زیندانی. من بۆچونێکی دیکەم هەیە، کە پێویستە پتر ساغ بکرێتەوە دوای ئەوەی دارکەران بوو بە هیوا، دوای ئەوەی لە چەند کاندیدێک ڕەفیق حیلمی دەست نیشان کرا ببێتە سەرۆک، جەخت دەکەمەوە کە ڕەفیق حیلمی کاندیدی دڵدار بووە، زۆری خۆش ویستووە، تا ئەو ڕادەیەی مەسعوود محەممەد بە تەقدیس دەی شوبهێنێ، هەروەها سەرکردەیەکی خاوەن کاریزمای دانـاوە، کە دەتوانێ ئامانجەکانی کوردایەتی بەدەست بهێنێ، بەتایبەتی ڕزگاری کوردستان، لە ڕاستیدا دڵدار حەزی دەکرد و بۆی تێدەکۆشا و دانوستانی زۆر و ململانێی زۆرتری دەکرد، بۆ ئەوەی ڕەفیق حیلمی، وەک گاریبالدی ئیتاڵێ و بسمارکی ئەڵمانی لێ بێ، لە لایەکی دیکەوە، کە ڕەفیق

حیلمی پەسندی کرد ببێتە سەرۆکی هیوا دڵدار ڕێوڕەسمێکی شایستەی بۆ ئامادە کرد بە قسەی نوری شاوێش لەناو یەکێ لە ڕەزەکانی کۆیە بە ئامادەبوونی دڵدار و زۆربەی سەرکردە و لقی کۆیەی دارکەران، ڕەفیق حیلمی سوێندی خوارد، بە کوردستان و خەنجەر و ئاڵای کوردستان، من بۆ ئەوە دەچم، کە دڵدار لەژێر کاریگەری شیعرێکی حاجی قادر ئەوەی کردبێ، چونکە حاجی دەڵێ:

هەڵیکەی بەیرەقی کوردان لە دەوران

لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان

ناو ڕەزانیش ئەو شوێنەیە، کەوتۆتە نێوان گردی کەکۆن و قشڵە، هێمای بەرگری و سەرفرازی، چیای هەیبەسوڵتانیش، بەمەش ئاواتێکی حاجی قادری هێناوتە دی.

**پرسیار:** ساڵی ١٩٣٨ بۆچی دڵدار و هاوڕێیانی کۆمەڵەکەیان کۆتایی پێهینا و پارتی هیوایان دروست کرد؟

**وەڵام:** پێموایە ساڵی ١٩٣٩ بوو، کە دارکەران وەک کۆمەڵەیەک بوو بە هیوا وەک پارتێک، هۆکاری سەرەکی خێرایی گەشەسەندنی ئەو ڕێکخراوە بوو،

ئەو کۆمەڵەیە توانی لە نێوان دوو کۆبونەوەدا چەندین لق لە هەولێر، سلێمانی، گەرمیان و کۆیە دروست بکا لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی ناوچەیی دی، لە ڕەواندز، شەقلاوە، کەرکوکیش وەک مەڵبەندی سەرەکی ئەو کۆمەڵەیە. ئەو رێکخراوە، کە خوێندکاران بنیاتیان کردبوو، هەر خۆشیان سەرەتا جەماوەرەکەی بوون، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا گەنجێکی زۆر لە کوڕ و کچان بەشداریان تێدا کرد، دڵدار بڕوایەکی بەتینی بە گەنجان بوو، ناوەڕۆکی شیعرەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ. گەورەبوون و بەرفراوانی دارکەران پێویستی بە سەرکردەیەک هەبوو، کە دڵدار بەڕەوایی خۆی نەدەزانی، ئەوەش لە پەرۆشی و خۆبەزل نەزانینی دڵدار بوو، بۆیە بیر کرایەوە، ڕێکخراوەکە لە کۆمەڵەوە بکەن بە پارت، لە کەسایەتییەک بگەڕێن بۆ ئەوەی سەرکردایەتیان بکا.

**پرسیار:** دڵدار لە کۆمەڵەی دارکەران سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، بەڵام کاتێک پارتی هیوا دروست دەکەن، ڕەفیق حیلمییان بانگهێشت دەکەن و دەیکەن بە سەرۆکی پارتەکە و دڵدار جێگری پارتەکە بوو، ئەمە جۆرێک لە بێ توانایی دڵدار نیشان نادا، لەڕووی سیاسییەوە؟

**وەڵام:** لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتر، تاڕادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارە درایەوە، ڕاستە دڵدار بەرپرسی یەکەمی دارکەر بووە، دەتوانین بڵێین سکرتێر بووە، کاتێ هیوا دادەمەزرێ خودی دڵدار پێشنیاز دەکا، ڕەفیق حیلمی ببێتە سەرۆک، بەڵام دڵدار سکرتێری هیوا بووە، لە هەمان کاتیشدا بەرپرسی بەشی دارایی هیوا بووە، دڵدار هەستی بە خۆ کەم زانین نەکردووە لە ژێر سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی کاری حزبایەتی بکا، بە پێچەوانەوە، وەک باسیش کرا هەر زۆر خۆشی ویستووە تا ڕادەی پیرۆزی، زۆربەی سەرکردەکانی هیوا ناڕازی بوون لە تاکڕەوی ڕەفیق حیلمی تەنها دڵدار نەبێ، چونکە دڵدار چاوەڕوانی سەرکردەیەکی بەسام و توندی لێدەکرد، کە پێی وابوو پێویستە بۆ قۆناغی ئەو سەردەمە، وەک گاریبالدی. لەوانەیە هێشتاش بۆ سەردەمی ئێستای کورد و بۆ قۆناغی ڕزگاری ئەو کەسایەتییە پێویست بێ.

**پرسیار**: دڵدار لە دوای ساڵی چلەکانەوە وتار و کۆڕ و کۆبـوونەوە ئەنجامـداوە؟ ئەگەر ئەنجـامی داوە، لەکـوێ بـووە؟ هەروەهـا لەدوای بەشـداری کردنـی دڵدار لەو ڕێکخراو و پارتانە، دواجار دڵدار بەکوێ گەیشت؟ هیچ پەیوەندییەک لە نێوان دڵدار و پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هەیە؟ کە لە کۆتاییەکـانی دڵدار پارتی دامەزرا.

**وەڵام**: وەک وتار لە کۆڕ و کۆبونەوەی جەماوەری لە دوای ١٩٤٥ بووە، دوای نەمانی هیوا پتریش هەر لە کـۆیە بـووە، ئەو کـاتی بـۆتە ئەنـدام و کـادیرێکی پـارتی ڕزگـاری نیشـتمانی (تەحەڕوڕ)، دڵـدار دوای هیوا لە پارتی ڕزگاری کوردستان بووە، بەڵام دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ نەبـۆتە پـارتی هەرچەنـد کاکەزیـادی کـۆیە هەوڵێکـی لەگەڵ داوە. ئەو لە سـاڵی ١٩٤٦ دەبێـتە ئەنـدامی حزبـی تەحەڕوڕ. کـادیرێکی جەمـاوەری بەدەسـت و بـرد بـووە لە سـێ بـۆنە بەشـدار و سەرپەرشتی کۆبونەوە و یادەکانی کردووە. نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ ڕاپەرینی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ و نەورۆزی سـاڵی ١٩٤٨، لە نەورۆزی سـاڵی ١٩٤٨ دوو مۆڵەت وەرگیرا لەلایەن دوو پارتەوە، ئەوانیش پارتی و شیوعیەکان بوو، ئی شیوعییەکان مۆڵەتەکە بەناوی دڵدار بوو. پێناچی دڵدار جگە لە ئەندامێکی

ئاسایی هیچ پلەیەکی حزبی هەبووبێ لە ناو شیوعیەکان، ئەگەرێکی بەرچاو بەدی دەکرێ، کە لە ناخی دڵداردا هەستی بە مەغدورییەک کردبێ. لە دامەزرێنەر و سەرۆکی دارکەر بۆ کەسی دووەمی هیوا، شاعیری گەورە و خاوەنی ئەی رەقیب و پارێزەر و ڕوناکبیر، بۆ ئەندامێکی ئاسایی، بێگومان جێگای پرسیارە، ڕەنگ بێ وەک فاتح رەسوڵ ئاماژەی بۆ کردووە بە ئەندام بوونی لەو پارتە، پارتی ڕزگاری نیشتمانی، گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر ڕەوشت و خوو و هەڵسوکەوتی نەهات.

**پرسیار**: دوا پرسیار لەمەڕ دڵدار ناکەم، دەمەوێ خۆت ئاماژە بەو باسە گرنگانە بدەی کە باسمان نەکردووە.

**وەڵام**: بە داخەوە دەڵێم دڵدار وەک کەسایەتییەکی گەورەی ئەدەبی و سیاسی کورد، جگە لەو کۆنفرانسەی لە زانکۆی کۆیە بۆی ساز کرا، گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، تا ئێستا لە شارەکانی کوردستان جگە لە کۆیە پەیکەرێک، قوتابخانە و شەقام و شوێنێک بەناوی نەکراوە، چ جای مەڵبەندێکی ڕوناکبیری، وەک سەرجەم کەسایەتییەکانی بەتایبەتی سلێمانی. بەداخێکی گەورەترەوە هەر لە دەڤەری سلێمانی هەموو

هەوڵێک دەدرێ (سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب) بگۆڕدرێ، سەیرەکە لەوە دایە عەلمانی و سەلەفی هاوڕا و کۆکن لەسەر ئەو مەسەلەیە. دڵدار وەک شاعیریش لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر نەکراوە. وەک سیاسەتمەدارێکیش هەر زۆر کەم، هیوادارم من دوای چاپکردنی کتێبی (دڵدار، ژیانی سیاسی) ئاوڕێکم لە ڕابردووی سیاسی دڵدار دابێتەوە. بیروەرییەکانی هەرچەند کەم و قرتێندراون بەڵام کەرەستەیەکی بەپێزە بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵهێنجانی چەند زانیاری و راستی. هەروەها بنەماڵەکەی بنەماڵەیەکی بەرچاون لە هەموو ڕوویەکەوە، بە تایبەتی زێنەبی خوشکی، وەک ژنە شاعیری تێکۆشەر، فێمینیست. ئاسەفی برای کە بەحەق تێکۆشەرێکی گەورەی کوردایەتییە، بەداخەوە بە دەگمەن نەبێ باس نەکراوە، نابێ رۆڵی باوکی دڵدار مەلا ڕەئوفی خادم سجادە وەک کەسایەتی و شاعیر لە بیر بکرێ، لە کۆتاییدا دەڵێم: سەرچاوەی شاراوە دەربارەی دڵدار هەیە، هیوادارم ڕوناکی ببین و بڵاوبکرێنەوە بۆ ئەوەی زێتر دڵدار بناسین.

**پوختەی ژیاننامەی پێشڕەو سەید برایم**

پێشڕەو سەید برایم ناسراو بە حاکم پێشڕەو، دەرچووی کۆلێژی یاساو رامیاری، زانکۆی بەغداد ساڵی ١٩٧٨، ساڵی ١٩٧٩ بووە بە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٧٩ بووە بە یەکەمین حاکمی شۆڕش، ساڵی ١٩٨٠ بە بوردومانی فرۆکەکانی بەعس لە توژەڵێ بریندار بووە، ساڵی ١٩٨٣ بووە بە ئەندامی مەڵبەندی ٤ لە بالیسان، ساڵی ١٩٨٥ سەرپەرشتکاری مانگنامەی "ڕزگاری" بووە. حاکم پێشڕەو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ وەك پەنابەر چۆتە ئەڵمانیا.

ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە و خاوەنی ٦ کتێبە (بایز هات و بزر بوو- شانۆنامە، رووتەمەنی لە فۆلکلۆری کوردیدا- لێکۆڵینەوە، زارۆکە ئەفسانە- چیرۆکی منداڵان لە ئەڵمانییەوە تەرجەمەی کردووە، ڕەهەندە گەپەکانی پێشمەرگایەتیم، مقالات کتبتها بالعربیە، حاجی قادری کۆیی بڵاوڤان. هەروەها سێ کتێبی دیکەی نووسیوە و ئامادەی چاپ کردنە، کە ئەمانەن (فەرهەنگی حاجی قادری کۆیی، دڵدار، ژیانی سیاسی، کتێبی پارێزگای کۆیە). لە ئێستادا سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و نووسینە.